Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.2.6

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Delzar Salih Sadiq
Dlzar.sadiq@su.edu.krd

# کوردناسی ئەڵمانی ئۆسکار مان، لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی چالاکییەکانی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان (1901 – 1903، 1907)

RECEIVED :25 /01/2025
ACCEPTED :14/05/ 2025
PUBLISHED :15/04/ 2026

**دلزار صالح صادق/** بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر ،هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

هەوڵەکانی کوردناسی ئەڵمانیانی ئۆسکار مان، دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵە زانستییەکانی زانایانی ئەڵمانی لەسەر داوا و ڕاسپاردەی وڵاتی ئەڵمانیا کە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بەمەبەستی ناسینی گەلانی ڕۆژهەڵات ژمارەیەکی زۆر زانای لەبوارە جیاوازەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەزمان و داب و نەریت و کولتوری گەل و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و نەتەوەی کورد بەتایبەتی نارد بۆ هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران.

لەم چوارچێوەیەشدا ئۆسکار مان یەکێک لەو زانا ئەڵمانیانە بوو کە لەدوو کاتی جیاواز لەماوەی نێوان ساڵانی (1901 – 1903) و (1906 - 1907) بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە مێژوو و زمان و ئەدەب و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی سەردانی چەند ناوچەیەکی لەهەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان کردبوو، ناوبراو ئەو ماوەیەی کە لەناوچە کوردییەکان بوو توانی ئاشنای زمانی کوردی بێ و لە زاراوە جیاوازەکانی زمانی کوردی بکۆڵێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش بەشێک لەژیانی خۆی تەرخانکرد و ڕۆڵی گرنگی بینی لەکۆکردنەوە و تۆمارکردنی ژمارەیەکی زۆر لە مێژووی زارەکی کوردی کە تا بەر لەهاتنی ئەو بۆ کوردستان لەهیچ سەرچاوەیەکدا تۆمار نەکرابوون.

**وشە سەرەکییەکان:**
ئۆسکار مان،
کوردناسی ئەڵمانی،
مێژووی زارەکی،
کورد، کوردستان.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1 . پێشەکی:

ئامانجی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە چۆن کورد وەکوو نەتەوەکانی دیکە خاوەنی مێژوویێکی دەوڵەمەندی تۆمار نەکراوبوو و بەدرێژایی دەیان ساڵ بەشێوەی زارەکی لەلایەن دەنگخۆش و لاوک بێژەکانی کورد دەستاودەستی پێکراوە، هەروەها دەرخستنی ڕۆڵی کوردناسی ئەڵمانی ئۆسکارمان لەساغکردنەوە و تۆمارکردنی مێژووی زارەکی کورد، لەگەڵ هەوڵی بەشێک لەڕۆشنبیران و گێڕەرەوەکانی کورد لەکارئاسانی بۆ تۆمارکردنی مێژووی نەنووسراوەی نەتەوەکەیان، لەگەڵ خستنەڕووی ئەفسانەی کوردی لەڕێگەی مێژووی زارەکی بەشێوەزاری ناوچەی موکریان، لەپاڵ ئەوەی ئەو توێژینەوەیە لەو گریمانەیەش دەکۆڵێتەوە کە ئایا ئەو ئەفسانانەی کە ئۆسکار مان لەناوچەی موکریان کۆیکردبوونەوە لەپێشتردا تۆمارکرابوون، یاخود ئەو یەکەم کەس بووە ئەو کارەی کردووە، لەگەڵ باسکردن لەچۆنیەتی چوونی ناوبراو بۆ ناوچەی موکریان و پەیوەندیکردنی بەخەڵکی ناوچەکە و چۆنیەتی کۆکردنەوەی ئەفسانەکان و تۆمارکردنیان و ماوەی مانەوەی لەناوچەکەدا، سەرباری ئەو گرفت و ئاستەنگانەی هاتبوونە بەردەمی لەکاتی لێکۆڵینەوەکەیدا.

بێگومان نکوڵی لەوە ناکرێ کە کورناسی ئەڵمانی (ئۆسکار مان/ Oscar Mann)، لە پێشتر لەدوو توتوێژینەوەدا لەبارەی شێوەزاری (کوردی زازا[1]) لە وڵاتی تورکیا ئاماژەی پێدراوە، کە یەکێک لەوان بەزمانی ئەڵمانییە بەناونیشانی (Avci, Remzi, Mit der Peitsche in den dreckigen Orient: Die Darstellung des Orients in Oskar Manns Reisebriefen/ لەگەڵ قامچی بۆ ناو ڕۆژهەڵاتی پیس: نوێنەرایەتی ڕۆژهەڵات لە نامەکانی گەشتی ئۆسکار ماندا)، ئەویدیکەشیان لەسەر هەمان بابەت بەزمانی تورکی نووسراوەتەوە بەناوی (Avci, Remzi, Oryantalist Oskar Mann'in (1867–1917) Osmanli Seyahati Mektuplarinda Zazacanin/ زازاکی لە نامەکانی گەشتی عوسمانیی ڕۆژهەڵاتناس ئۆسکار مان /١٨٦٧-١٩١٧)، بەڵام ئەم بابەتە هێشتا توێژینەوەی زیاتر هەڵدەگرێ، چونکە تا ئێستا بەزمانی کوردی لێکۆڵینەوە لەبارەی ئۆسکار مان نەکراوە، هەورەوها ئەو دوو توێژینەوەیە تەنیا ئاماژەی بەهەوڵەکانی ناوبراو لەبارەی کوردی ناو دەوڵەتی عوسمانی کردووە، بەڵکو لەبارەی هەوڵەکانی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاماکەی پێ نەدراوە، بۆیە ئەو بابەتە پێویستی بەوەیە کە بەسەرچاوەی ڕەسەن و توێژینەوەی نوێ هەموو لایەنەکانی ڕوونبکرێتەوە و شرۆڤە بکرێ، چونکە ئەوانەی تیشکیان خستۆتە سەر لایەنێکی کاری ئۆسکار مان و لێکۆڵینەوە لەنووسینی ئەفسانەکان بە زاراوەی موکری کاری لەسەر نەکراوە، چونکە دەتوانین بڵێین زۆربەی ئەو نووسینانەی پێشوو لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان نووسراون. لەکاتێکدا لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لە زانکۆکانی هەرێم، ئەم بابەتە مێژووییە لای لێنەکراوەتەوە و بەدیاریکراویش توێژینەوەی ئەکادیمی لەبارەوە نەکراوە. ئەمانەش هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە پێکدێنن. واتە دەیەوێ بەسەرچاوەی نوێتر و لە گۆشەنیگایەکی دیکە بابەتەکە شەنوکەو بکات و ڕۆشنتری بکات.

لەم توێژینەوەیەدا لەچوارچێوەی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووییدا، هەردوو شێوازی پێکهاتەیی و شیکاری پەیڕەوکراوە، چونکە بۆ وێناکردنەوەی ئەفسانەی کوردی لە کتێبی (توحفەی موزەفەرییە)ی کوردناسی ئەڵمانی ئۆسکار مان، پێویست بەوە دەکات زانیارییە مێژووییەکان کۆبکرێنەوە و لێکبدرێن. تا خەملان و پێکهاتنی زمانی نووسینی ئەفسانەکان ڕوونبکرێتەوە. دواتریش لەڕێگەی شرۆڤەکردن و شیکارییەوە گرنگی و کاریگەری هەوڵەکانی بەدیاربخرێ.

ئەو توێژینەوەیە لە پوختەی توێژینەوەکە و پێشەکی و شەش تەوەری سەرەکی پێکدێت، تەوەری یەکەم تایبەتە بە ژیانی و پێگەیشتنی ئۆسکار مان. تەوەری دووەمیش باس لە بایەخدانی ئەڵمانەکان بە زمان و (ئەدەب/ وێژە)و داب و نەریت و مێژوو و شارستانی کورد دەکات. تەوەری سێیەمیش باس لە بایەخدانی ئەڵمانەکان بە زمان و (ئەدەب/ وێژە)و داب و نەریت و مێژوو و شارستانی کورد و هاتنیان بۆ کوردستان و لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر کرد. هەروەها تەوەری چوارەم تایبەتە بە هاتنی ئۆسکار مان بۆ کوردستان و لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی زاراوەکانی سەر بە زمانی کوردی، لەم تەوەرەیەدا تیشک خراوەتە سەر چۆنیەتی هاتنی ناوبراو بۆ کوردستان و بەربەستەکانی بەردەمی و لێکۆڵینەوەکانی و چۆنیەتی تۆمارکردنیان بەزمانی کوردی و هاوکارەکانی کێ بوون. هەرچی تەوەری پێنجەمە باس لە کۆکردنەوەی مێژووی

زارەکی کورد و بەشێک لە هەوڵە زانستییەکانی ئۆسکار مان و بەرهەمەکانی ناوبراو دەکات. کۆتا تەوەریش باس لە پێکهاتەی کتێبی توحفەی موزەفەرییە دەکات، لەگەڵ خستنەڕووی چەند نمونەیەک لەئەفسانەی کوردی لەناو پێکهاتەی کتێبەکەیدا.

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە؛ پشت بەکۆمەڵێک سەرچاوەی ڕەسەن و ژێدەری جیاواز بەزمانەکانی (کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی، ئەڵمانی) بەستراوە، لێرە تەنیا ئاماژە بەچەند سەرچاوەیەک دەدەین کە لەو توێژینەوەیەدا سوودیان لێبینراوە، لەوانەش کتێبەکەی کوردناسی ئەڵمانی ئۆسکار مان بەناوی ( Mann, Oskar (1906), Kurdisch - Persische forschungen -/ زاراوەی موکری) ئەمە یەکێکە لەو کتێبانەی لەو توێژینەوەیەدا سوودی لێبینراوە، چونکە بۆ دەستخسنی بەشێک لە زانیارییەکان پشتی پێ بەستراوە، کە ڕەنگە لەناو زۆرێک لە سەرچاوەکانی دیکەدا نەبن یاخود بەهەڵە تۆمارکرابن. هەروەها نامەکانی ئۆسکار مان ( Kolivand, Mojtaba (2014), Persische und kurdische Reiseberichte Die Briefe des Berliner Orientalisten Oskar Mann) کە لەلایەن توێژەرێکی ئێرانی ساغکراوەتەوە و دووبارە بەزمانی ئەڵمانی نووسراوەتە، ئەو سەرچاوەیە بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی ژیان و بنەچەی ئۆسکار مان و گەشتەکانی سوودی لێبینراوە. هەروەها (توحفەی موزەفەرییە، و: هێمن)، ئەو سەرچاوەش کە توێژینەوەکە لەسەریەتی سوودی لێبینراوە کە لەلایەن شاعیر هێمن موکریانی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. هەروەها یەکێکی دیکە لەو سەرچاوانە توێژینەوەیەکە بەزمانی ئەڵمانی کە لەبارەی کارەکانی ناوبراو لەدەوڵەتی عوسمانی و زاراوەی زازاکی نووسراوە بەناوی Avci, Remzi, Mit der Peitsche in den dreckigen Orient: Die Darstellung des Orients in Oskar Manns Reisebriefen/ لەگەڵ قامچی بۆ ناو ڕۆژهەڵاتی پیس: نوێنەرایەتی ڕۆژهەڵات لە نامەکانی گەشتی ئۆسکار ماندا)، بایەخی ئەو توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زانیاری بەسوودی لەبارەی چالاکییەکانی ئۆسکار مان لەگەشتی دووەمیدا بۆ دەوڵەتی عوسمانی و ئێران باسکردووە، کە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو توێژینەوەیە سوودی لێبینراوە. لەکۆتاییدا دەکرێت بڵێین؛ ئەگەرچی لێرەدا چەند سەرچاوەیەک شیکرانەتەوە و خرانە بەرباس، بەڵام ئەمە بەواتای ئەوە نایەت کە سەرچاوەکانی دیکە گرنگ نین و بایەخێکی ئەوتۆیان نەبووە، بەپێچەوانەوە ئەو سەرچاوانەی لەو توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون هەموویان سەرچاوەی گرنگ و پڕبایەخ و بەسوودبوون لەدەوڵەمەندکردنی ئەو توێژینەوەیەدا بەپێی توانا کەلێنێکیان پڕکردۆتەوە، بۆیە لێرەدا بەو چەند سەرچاوەیە کۆتایی پێدەهێنین.

## 2. ژیان و پێگەیشتنی ئۆسکار مان:-

کوردناس و ئێراناسی ئەڵمانی و پسپۆڕی بواری زمانە ئێرانییەکان و کورد، (ئۆسکار مان/ Oskar Mann) لە 18ی ئەیلوولی 1867 لەشاری بەرلین لەوڵاتی ئەڵمانیا لەدایکبووە و لە 5ی کانونی یەکەمی 1917، واتە لەتەمەنی 50 ساڵی کۆچی دوایی کردووە (کاوە، ش24، س2، 15/ 1/ 1918، 8). ئۆسکار مان بە (گۆتلیب بێرنارد ئۆسکار مان/ Gottlieb Bernhard Oskar Mann)یش ناسرابوو، شیاوی باسە بنەماڵەی ئۆسکار مان یەکێک بوون لەخێزانە دیار و دێرینەکانی شاری بەرلین، کە بەبنەماڵەی (مان/ Mann[2]) بەناوبانگ بوون، باوکی ناوی (ئۆتۆ مان/ Otto Mann) بوو، کوڕی گەورە بەرهەمهێنەرێکی قوماش بوو لەشاری بەرلین، بەناوی (گۆتلیب مان/ Gottlieb Mann) (Kolivand, 2014, 9). سەربارى ئەوەی ئۆسکار مان، هاوسەرگیری نەکردبوو، هیچ منداڵ و نەوەیەکی لەدوا بەجێ نەمابوو، بەڵکو تەنیا خوشکێکی هەبوو بەناوی (مارسا/ Martha)، کە ئەویش هاوسەرگیری نەکردبوو (Kolivand, 2014, 12).

سەبارەت بەژیانی منداڵی ئۆسکار مان، بەهۆی ئەوەی ناوبراو لەبنەماڵەیەکی دیار و دەوڵەمەند بووە، وەکو دیارە پەیوەندییەکانی ئەو بنەماڵەیەش زیاتر لەگەڵ بنەماڵە دیار و دەوڵەمەندەکانی شاری بەرلین بووە و زیاتر لەگەڵ منداڵی ئەوان هەڵسوکەوتی کردووە و پەیوەندی نزیکی هەبووە، لەوانەش لەگەڵ منداڵەکانی بنەماڵەیەک بەناوی (ئەلفرێد برێمس/ Alfred Brehms)، دیارە بەهۆی ئەو پەیوەندییە نزیکەی لەگەڵ کوڕەکانی ئەو خێزانەدا کە هەیبووە، بەردەوام لەگەشت و سەیران و شوێنی سەرنج ڕاکێش چوونە، ئەمە کاریگەری لەسەر ژیانی ئەو دروستکردووە لەداهاتوودا، کە زیاتر

لەبارەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی و کتێبە مێژووییەکانی ڕۆژهەڵاتناسە دیارەکان بخوێنێتەوە (Kolivand, 2014, 9).
ئۆسکار مان هەر لەتەمەنێکی زووەوە بایەخی بە مێژوو و خوێندنی مێژوو داوە (Kolivand, 2014, 9). دوای ئەوەی خوێندنی ناوەندی لە قوتابخانەی (فریدریک ڤیلهێلم/ Friedrich Wilhelm) تەواو دەکات، لەماوەی نێوان ساڵانی (1886 – 1891) سەرقاڵی فێربوونی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی وەک (سانسکریتی[3]، عەرەبی، ئارامی و زمانی بەراوردکاری) دەبێ، لەشارەکانی (هایدلبێرگ/ Heidelberg) و بەرلین، پاشان لەساڵی 1890 بڕوانامەی دکتۆرای لەزانکۆی (شتراوسبۆرگ/ Strasbourg) بە سەرپەرشتیی کوردناسێکی ئەڵمانی (تیۆدۆر نولدکە/ Theodor Nöldeke /1836 – 1930) بەدەستهێنا (Avci, 2021, 102). بەجۆرێک تێزی دکتۆراکەی بەناونیشانی (ئێران لەنێوان ساڵانی 1747 – 1750/ History of Iran Between the years 1747 – 1750) لەبارەی مێژووی نوێی ئێران بوو. (Theilhaber, 2020, 125).
جێگەی ئاماژەیە لەو ماوەیەی کە ئۆسکار مان سەرقاڵی خوێندن بوو، لەنزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ژمارەیەک ڕۆژهەڵاتناسی بەتوانای ئەڵمانی کە لەبوارە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵات لێکۆڵینەوەیان کردبوو، پەیدا کرد، هەر ئەمەش هاندەر بوو بۆ ئەو تاکو بایەخ لێکۆڵینەوە لە مێژووی گەلانی ئێران بەگشتی و کورد بەتایبەتی بدات، لەنێو ئەوانەش بەئاشکرا کاریگەریی مامۆستاکەی بەسەردا دیاربوو، کە هانیدابوو بایەخ بەمێژووی ئێران بدات، سەرباری ئەوەی یەکێک لەهاوڕێکانی بەناوی (ئەندرۆ/ Andreas ) کە چارەکە سەدەیەک بەر لە ئەو سەردانی ئێرانی کردبوو، هاندەربوون بۆ ئەوەی سوود لە زانیارییەکانیان وەربگرێت و هەوڵی خۆی لەپێناوی ئێراناسیدا تەرخان کرد (Kolivand, 2014, 9).
ئەو زانیارییانەی کە ئۆسکار مان لەماوەی خوێندنی پەیدایکرد، ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی لەدوای تەواوکردنی خوێندن لەساڵی 1892 لەکتێبخانەی شاهانە لەشاری بەرلین دەستبەکاربێت (کاوە، ش24، س2، 15/ 1/ 1918، 8). هەر لەوێ بووە بەرپرسی بەشی دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان، بەجۆرێک لەوێ توانی توانای خۆی لەگەڵ یەکێک لە ڕۆژهەڵاتناسە دیپلۆماتکارەکانی ئەڵمانی لەئێران بەناوی (فریدریک ڕۆزێن 1856 – 1935/ Friedrich Rosen) کە ماوەیەکی لەوێ بەسەربردبوو بۆ لێکۆڵینەوە لەزمانی فارسی خستەگڕ (Kolivand, 2014, 9). بۆ ئەو مەبەستەش ئۆسکار مان، لە 4ی ئەیلولی 1899 نامەیەکی ئاڕاستەی ئەکادیمیای شاهانەی ئەڵمانی کرد، کە تیایدا پلانێکی وردی هاوپێچ کردبوو، داوای هاوکاری و کارئاسانی بەمەبەستی ئەنجامدانی گەشتێکی زانستی بۆ لێکۆڵینەوە لەزاراوە (کوردی و فارسی)یەکان کردبوو، کە تا ئەوکات لێکۆڵینەوەیان لەبارەیەوە نەکرابوو (Kolivand, 2014, 10).
شیاوی باسە ئەو پلانەی ئۆسکارمان لەلایەن کاربەدەستانی ئەڵمانیا بەتەنیا لەلایەنی سیاسی و ئابوورییەوە بایەخی نەبوو، بەڵکو لەڕووی زانستییشەوە بایەخێکی تایبەتی پێدرا، چونکە لەو کاتدا وڵاتە زلهێزەکان لەچوارچێوەی ململانێیاندا[4] لەگەڵ نەتەوەکانی و وڵاتانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و وڵاتی ئێران بەتایبەتی لەهەوڵی دروستکردنی پەیوەندیدابوون، بەمەش ئۆسکار مان سەرکەتوو بوو لەوەی بتوانێ بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە داینابوو لێکۆڵینەوە لەزاراوە جیاوازەکانی سەر بە زمانی کوردی بکات و لەهەمان کاتیشدا توێژینەوە لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی چیرۆک و ئەفسانەو گۆرانی و سرودی نەتەوەیی کوردی بکات (Kolivand, 2014, 10).
دیارە کە شوێن پەنجەی ئیمپراتۆری ئەڵمانی بەڕوونی بەسەر گەشتە زانستییەکەی ئۆسکار مان دەردەکەوێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی ناوبراو گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی بەرهەمەکانی گەشتەکەی لەساڵی 1906 لەچاپداوە، لەپێشەکییەکەیدا سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ کاربەدەستانی ئەڵمانیا بەگشتی و ئیمپراتۆری ئەو وڵاتە بەتایبەتی دەربڕیوە، ئەو پێی وابوو کە پێشکەوتن لەبوارەکانی زانست و زانیاریدا تەنیا لەسایەی پادشایەکان دێتەدی، دیارە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هاوکارییەی کە ئیمپراتۆری ئەڵمانی پێشکەشی ناوبراوی کردبوو (Mann, 1906, VII – IX).

### 3. بایەخدانی ئەڵمانەکان بە زمان و (ئەدەب/ وێژە)و داب و نەریت و مێژوو و شارستانی کورد:-

جێگەی ئاماژەیە؛ ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی لەچوارچێوەی کێبڕکێی نێوان وڵاتە زلهێزەکان لە ئەوروپا، لەبوارەکانی

سیاسی و ئابووری و زانستییەوە یەکێک لەو وڵاتانە بوو کە لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و بەدیاریکراوی لە ساڵی 1859 بەدواوە بە ئاڕاستەی وڵاتی ئێران کشا، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین نێردەی سیاسی و دیپلۆماسی نارده ناوچەکە، ئەمەش هاندەربوو هەر لەو ساڵەدا باڵیۆزخانەی خۆی لەشاری تاران بکاتەوە (علی بابائی، 1375هـ.ش، 711)، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانی ئەڵمانیا بۆ کشان بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە زیاتر لەسەردەمی ئیمپڕاتۆری ئەڵمانی (ڤیلهێلمی دووەم/II Wilhelm/ 1888 – 1918) پەرەیسەند، چونکە وڵاتی ئەڵمانیا لەو ماوەیەدا بایەخێکی تایبەتی بە بازرگانیکردن لەناوچەکانی کەنداو دا، بۆ ئەو مەبەستەش لەساڵی 1896 بنکەی کۆمپانیایەکی بازرگانی بەناوی (ڤێنکهاوس/ Wonckhaus) دامەزراند، بۆ بازرگانیکردن بە (سەدەف و مرواری)، لە ساڵی دواتریش کونسولگەری خۆی لەشاری (بوشەهر) لە باشووری ئێران کردەوە، پاشان ئیمپڕاتۆر (ڤیلهێلمی دووەم) سەردانی دەوڵەتی عوسمانی کرد و خۆی بە پارێزەری موسڵمانانی جیهان ناساند، بەرهەمی ئەو سەردانەش بەستنی ڕێککەوتننامەی ڕاکێشانی هێڵی ئاسنی (بەرلین، ئەستەنبۆڵ، بەغدا) بوو (هوشنگ مهدوی، 2535، 300). هەرچەندە ئەم لەیەک نزیکبوونەوەی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئەڵمانیا، کاریگەری لەسەر جۆشدانی هەستی نەتەوەیی ئەو ئێرانیانەش هەبوو کە دژی هەژموونی هەردوو دەوڵەتی ڕووسیا و بەریتانیا بوون لە ئێران، بەڵام هەوڵەکانی ئەڵمانیا سەرکەوتوو نەبوو، چونکە لە ناوچەکانی باشووری ئێران ڕووبەڕووی دژایەتی توندی بەریتانیا بووەوە، لە باکووریش دەوڵەتی ڕووسیا بەهەمان شێوە بەربەستی لەبەردەم چوونی ئەو دەوڵەتە بۆ ناوچەکە دروستکرد (هوشنگ مهدوی، 2535، 301 – 302).

جێگەی ئاماژەیە ئەگەرچی هەوڵەکانی ئەڵمانیا بۆ دروستکردنی پەیوەندی سیاسی و ئابووری و بازرگانی بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، بەڵام هەوڵە زانستییەکانی ئەو وڵاتە لەچوارچێوەی لێکۆڵینەوە لەزمان و داب و نەریت و مێژووی نووسراو و زارەکی گەلانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و نەتەوەی کورد بەتایبەتی، بۆ سەرەتای سەدەی پازدە دەگەڕێتەوە، ئەویش لە ئەنجامی هەوڵەکانی زێڕینگرێکی ئەڵمانی[5] کە بۆ ماوەیەکی درێژ کاتی لەڕۆژهەڵات بەسەر بردبوو، دوای گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی بیرەوەرییەکانی گەشتەکەی لەساڵی 1473 لەکتێبێکدا بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەناوی کورد و کوردستان و زمان و داب و نەریتی کوردی کردبوو، لەسەدەکانی دواتریش گەڕیدە و کوردناسی ئەڵمانی سەردانی کوردستانیان کردووە و لە بیرەوەرییەکانی خۆیاندا ئاماژەیان بە زمان و داب و نەریتی کورد داوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەسەدەی نۆزدە بەدواوە ژمارەیەکی زۆر لە کوردناس و گەڕیدەی ئەڵمانی بەمەبەستی جیا جیا سەردانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانیان کردووە و لە کتێبەکانی خۆیاندا ئاماژەیان بە زمان و داب و نەریتی کۆمەلایەتی و مێژوو و ئەدەب (وێژە)ی کورد [6]داوە (نەبەز، 1974، 6).

بەشێوەیەکی گشتی هەوڵە زانستییەکانی ئەڵمانیا لەدوای ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم زیاتر پەرەیسەند و زانایانی ئەڵمانی بایەخێکی تایبەتیان بە لێکۆڵینەوە لەزمانی کوردی دا، تەنانەت ئەوان لەڕیزی پێشەوەی ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپا بوون لەو بوارەدا (خەزنەدار، 2001، ب1، 89). شیاوی باسە هەر لەم چوارچێوەیەدا (ئۆسکار مان)یش یەکێک لە زانا ئەڵمانەکان بوو کە لەسەرەتای سەدەی بیستەم تا بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی (1914 – 1918) سەردانی کوردستانیان کردبوو، لەدوای گەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکەیان زانیاری بەسوودیان لەبارەی زمان و وێژەی کوردی بڵاوکردبووەوە، بەجۆرێک ڕۆڵیان بینی لە کۆکردنەوەی هەندێک دەستنووسی کوردی، کە ژمارەیان نزیکەی (89) دەستنووس بوو، گواسترانەوە بۆ ئەڵمانیا و لەنامەخانەکانی ئەوێ پارێزراون، بەشی زۆریان هۆنراوەی دڵداری و ئایینین و بەشێوە زاری (کرمانجی، گۆرانی، سلێمانی[7]) نووسراونەتەوە، لەم ژمارەیەش پێنج دانەیان بە زمانی کوردی ڕێنووسی ئاشوری نووسراوەتەوە، بەڵکو ئەوانی دیکە هەمووی بە زمانی کوردی ڕێنووسی فارسی نووسراونەتەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی قەبارەی نووسراوەکان لە لاپەڕەیەک بۆ چەند لاپەڕەیەک تێپەڕی نەکردووە (نەبەز، 1974، 26 – 27). گومانی تێدانییە کە هەوڵەکانی زاناکانی ئەڵمانی لەبواری ئێرانناسی و کوردناسی لەئێران لەساڵانی دواتردا کاریگەری لەسەر سیاسەتی وڵاتەکەشیان هەبوو، بۆ ئەوەی هەنگاوبنێت بەرەو ڕۆژهەڵات و لەهەوڵی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی کاربکات لەبواری ڕاکێشانی هێڵی ئاسنی نێوان بەغدا بەرلین[8]،

لەپەیڕەوکردنی سیاسەتی هاوسۆزی بۆ وڵاتانی ئیسلامی لەلایەن ئەڵمانیاوە تا بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەساڵی 1914 بەردەوامبوو (Theilhaber, 2020, 516).

### 4. هاتنی ئۆسکار مان بۆ کوردستان و لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی زاراوەکانی سەر بە زمانی کوردی:-

کاتێک ئۆسکارمان بڕیاری گەشتکردنی بۆ ناوچەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست [دەوڵەتی عوسمان] بۆ دەرچوو، لەلایەن (ئەکادیمیای شاهانەی ئەڵمانی)یەوە ئامادەکاری و کارئاسانی بۆ کرا، بەتایبەتی لەلایەن (ڤیلهێلمی دووەم)ی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا کە چاودێری کارەکەی ئەوانی دەکرد، ڕەزامەندی نیشاندا بەدابینکردنی بڕی (30) هەزار مارکی ئەڵمانی بۆ ناوبراو، بۆ ئەوەی بتوانێ بەبێ گرفت گەشتەکەی ئەنجام بدات و سەردانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لەهەردوو دەوڵەتی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران بکات (Avci, 2021, 107). سەرباری ئەوەی پێویستە ئەوەش بخرێتەڕوو کە ئۆسکار مان، لەکاتی گەشتەکەی بۆ ئێران سوودی لە کتێبی ڕێزمانی زمانی فارسی نوێ بینیبوو کە لەلایەن هاوڕێیەکی لەبارەی زمانی فارسی و ناوچەی سیستان نووسرابوو، کە کۆمەڵێک وێنە و نەخشەی ناوچەکەی لەخۆ دەگرت، بەجۆرێک ئەو کتێبە لەماوەی ساڵانی (1902 – 1905) هەموو ئەو بیانیانەی کە دەیانویست بۆ وڵاتی بەریتانیا لەهیندستان کاربکەن سوودیان لێوەردەگرت بەمەبەستی فێربوونی زمانی فارسی و شارەزابوو لەمێژووی ئێران (Theilhaber, 2020, 176).

بۆ ئەو مەبەستەش ئۆسکار مان لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە زمانی فارسی و کوردی سەردانی وڵاتی ئێرانی کرد، بەجۆرێک گەشتەکەی دوو قۆناغی لەخۆگرت، قۆناغی یەکەم کە لەماوەی ساڵانی (1901 – 1903)ی خایاند، ئەویش لەدوای ئامادەکاری لە 20ی تشرینی یەکەمی 1901 لەڕێگەی دەریاوە لەشاری (مارسیلیا/ Marseille) لە وڵاتی فەرەنسا چوو بۆ میسر، لەوێشەوە هەر بەڕێگەی دەریاوە چوو بۆ شاری (بوشەهر) لە باشووری ئێران، دوای ئەوە زنجیرەی گەشتەکەی بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە زاراوەکانی سەر بەزمانی فارسی و کوردی دەستپێکردو لەماوەی ئەو دوو ساڵەی کە لەئێران مایەوە سەردانی هەریەک لەشارەکانی (شیراز، ئەسفەهان، کرماشان، سوڵتان ئاباد، خوڕەم ئاباد، سنە و مەهاباد) کرد، ناوبراو بۆ لێکۆڵینەوەکانی زۆرجار بۆ ماوەیەکی درێژ لەیەکێک لەو شارانەو گوندەکان و ناوچەکانی دەوروبەری ماوەتەوە (Kolivand, 2014, 10 – 13).

ئەگەرچی ماوەی مانەوەی ئۆسکار مان لەباشووری ئێران بە دروستی دیارنییە کە چەند ماوەتەوە، بەڵام بەگوێرەی ماوەی هاتنی بۆ ئێران و بەرلەوەی لە ساڵی 1903 بچێتە شاری مەهاباد، ماوەیەک لەناو هۆزەکانی (لوڕ و بەختیاری[9]) لە باشووری ئێران بووەو شارەزایی لە داب و نەریت و ئەدەبیات و کەلتوری ئەوان پەیداکردبوو، پاشان هەوڵەکانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی زارەکی کوردی و زمان و ئەدەبی نەنووسراوی کوردی چڕکردووەتەوە (قاضی، 1371ش، 29). بەمەش دەردەکەوێت ماوەی زیاتر لە ساڵێک لە باشووری ئێران بەسەربردووە لەناو کورد و نەتەوە جیاوازەکانی ئەوێ، پاشان سەردانی ناوچەی موکریان و شاری مەهابادی کردووە. لەم بارەیەشەوە ئۆسکار مان لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژە بەوەدەکات کە لەئەنجامی گەشتەکەی بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران[10] توانیویەتی کۆمەڵێک زاراوەی زمانی (فارسی و کوردی) ئاشکرا بکات، کە لە چوار کۆمەڵە زمان کورتی کردوونەتەوە، ئەوانیش (زاراوەکانی هەرێمی فارس، زاراوەکانی ناوەڕاستی ئێران، زاراوەکانی هۆزەکانی لوڕ[11] و زاراوە کوردییەکان)ن (Mann, 1906, VII). لەبارەی زاراوەی لوڕی، ئۆسکار مان پێیوایە ئەو زاراوەیە دابەشی سەر دوو شێوە زار دەبێت، بەڵام ڕوونی نەکردووەتەوە ئەو دوو شێوە زارە کامانەن[12]، هەروەها زمانی کوردیش دابەشی سەر سێ زاراوەی جیاواز دەبێت، ئەوانیش زاراوەی کوردی کە دەکەوێتە ئەو پەڕی باشووری ئێران، کە هۆزە کۆچەرەکان و نیشتەجێبووەکانی ناوچەی کرماشان لەخۆ دەگرێت، [واتە شێوەزاری کرماشانی]، کۆمەڵەی دووەم شێوە زاری ناوچەی کوردستان (سنە) کە ئەویش شارەکانی (سەقز و بانە) و ناوچەکانی دەورووبەری دەگرێتەوە، هەروەها زاراوەی سێیەمیش سەر بەکۆمەڵەی ناسراو بە (شێوە زاری کرمانجی)یە، ئەوەش دەکەوێتە باکووری شاری ئۆرومیە (ورمێ)، هەروەها چەند هۆزێکی دیکەش لەهەرێمی فارس هەن زمانیان هاوشێوەی ئەوانەی ڕۆژئاوای ئێرانە، بەجۆرێک ئەوان

سوود لە دەستەواژەی تورکی وەردەگرن لەگفتوگۆکردندا Mann, 1906, VII – VIII)).

سەرباری ئەوەی ئۆسکار مان ئەو ماوەیەی کە لەکوردستانی ئێران بووە، ئاماژەی بەوە داوە کە لەلایەن حکومەتی ئێران هاوکاری و کارئاسانی باشی لەڕووی ئاسایشەوە بۆ کرابوو، هیچ جۆرە گرفتێکی لەماوەی بوونی لەکوردستان بۆ دروست نەبووە، بۆ ئەو مەبەستەش سوپاسی تایبەتی موزەفەرەددین شای قاجار (1896 – 1907)ی شای ئێرانی کردووە (Mann, 1906, IX). هەروەها باسی لەوەش کردووە کە بۆ ماوەی مانگەکانی (حوزەیران و تەمموز و ئاب) لە شاری مەهاباد بەتایبەتی و ناوچەکانی موکریان بەگشتی ماوەتەوە، سەرقاڵی کۆکردنەوەی ئەفسانەکان و لێکۆڵینەوە لەزاراوەی ناوچەکە بووەو لای خۆی تۆماری کردوون Mann, 1906, B)). ئەوەش بەو مانایە دێت کە ئۆسکار مان لەمانگەکانی (6 – 8ی 1903) لەناوچەی موکریان سەرقاڵی کۆکردنەوەی بەرهەمە زارەکییەکان بووەو تەنیا بۆ ماوەی سێ مانگ لەشاری مەهاباد ماوەتەوەو سەرقاڵی فێربوونی زاراوەی موکری و کۆکردنەوەی ئەفسانەی کوردی بووە بەو شێوە زاراوەیە. چونکە ناوبراو لەپلانی دابوو بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لە زاراوەکانی زمانی کوردی سەردانی شارەکانی دیکەی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیش بکات، بەتایبەتیش شارەکانی (سلێمانی، ڕواندوز، ئامێدی، جەزیرە، شاربۆت و موش)، بۆ ئەو مەبەستەش لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە ڕەزامەندیشی وەرگرتبوو، بەڵام وەک دیارە بەهۆی توشبوونی بە نەخۆشی (تیفۆس[13]) نەیتوانیوە ئەو ئامانجەی بپێکێت و سەردانی ئەو شارانە بکات، بەمەش ناچار دەبێت لەساڵی 1903 کۆتایی بەگەشتەکەی بهێنێت بگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا (Kolivand, 2014, 10).

ئۆسکار مان ئەو ماوەیەی کە لە ئێران بوو، بەشێکی زۆری سروود و داستانی نەتەوەیی نەتەوەکانی ئەو ناوچەیەی بەتایبەتی ئەفسانەی کوردی کۆکردبووەوە (قاضی، 2021، 41 - 42). جێگەی ئاماژەیە؛ ئۆسکار مان جگە لەوەی توانی لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر زاراوەکانی سەر بە زمانی کوردی و فارسی بکات، هاوکات ڕۆڵی هەبوو لەساغکردنەوەی هەندێک شوێنەواری مێژوویی ناوچەکانی باشووری ئێران و بڵاوکردنەوەی هەوڵەکانی، دواتر ئەوانە بوونە هاندەرێک بۆ زۆربوونی گەشتی ڕۆژئاواییەکان بەرەو ڕۆژهەڵات (Avci, 2021, 107 – 108). بەشێوەیەکی گشتی ئۆسکار مان توانی لەئەنجامی گەشتی یەکەمی (126) نامە بنێرێتەوە بۆ وڵاتی ئەڵمانیا، کە زۆربەیان بەشێوەی هەفتانە بۆ دایکی و خوشکێکی ناردوون، بەجۆرێک یەکەم نامەی لە 24ی تشرینی یەکەم و دواییینیان لە 14ی تەمموزی 1904 دوای گەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیایە (Kolivand, 2014, 13). بۆ ئەو مەبەستەش لەساڵی 1904 ڕاپۆرتێک بۆ (ئەکادیمیای زانستی پروسی) لەشاری بەرلین دەنێرێت و تیایدا ئاماژە بەو دەسکەوتانە دەکات کە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیدا لەوڵاتی ئێران بەدەستی هێنابوو، کە خۆی دەبینییەوە لە (300) لاپەڕە لەبارەی شێوە زاری ناوچەی کرماشان (زاراوەی کرماشان)ی وەک (لەکی، کەلهوڕی، پەیرەوەندی، نانەکەلی و گۆرانی)، هەروەها (300) لاپەڕەش لەبارەی شێوە زاری ناوچەی سنە (زاراوەی سنەیی)، زیاتر لەوەش (1500 – 1600) لاپەڕەش لەبارەی زاراوەی کرمانجی، لەگەڵ (50) لاپەڕە شیعرو ئەفسانەو (1200) بەیتی[14] کوردی بەشێوە زاری موکریانی کۆکردبۆوە (مان، 2014، 164).

گەشتی دووەمی[15] ئۆسکار مان لە 27ی کانونی دووەمی 1906 بەڕێگەی دەریایی دەستپێکرد، سەرەتا لەهامبۆرگ لە وڵاتی ئەڵمانیا بەڕێکەوت و بەڕێگەی دەریا خۆی گەیاندە ئەسکەندەرییە لە میسر، لەوێشەوە بۆ بەیروت و پاشان چوو بۆ حەلەب، لەوێ بەسواری ئەسپ بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی چوو، لەو گەشتەیدا سەردانی شارەکانی (ئورفا، دیاربەکر، موش، پالۆ، جەزیرە و بەغدا)ی کردو لەو ناوچانەدا لێکۆڵینەوەی لەزاراوەی زازاکی کرد (Avci, 2021, A 108). ناوبراو بەسەرهاتی گەشتەکەی بەشێوەی نامە بۆ خوشکێکی لە وڵاتی ئەڵمانیا ناردووە، بۆ ئەوەی بۆی بڵاوبکاتەوە (Avci, 2021, B 168).

شیاوی باسە ئۆسکار مان لە ساڵی (1906 – 1907) جارێکی دیکە، واتە بۆ جاری دووەم سەردانی وڵاتی ئێرانی کردۆتەوە، کە هاوکات بووە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی مەشروتە[16] لە ئێران (قاضی، 2021، 42). ئەویش لەدوای مانەوەی بۆ ماوەیەک لە ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، سەردانی شاری بەغدا دەکات، لەوێشەوە لەڕێگەی باشوور دەچێتە شاری بوشەهر لە باشووری ئێران، کە یەکەم دەسپێکی بۆ ئەو وڵاتە لەوێ بوو، سەردانی چەند شار

و ناوچەیەکی باشووری ئێران دەکات بەمەبەستی تەواوکردنی ئەو ئامانجەی کە پێشتر بۆی چووبووە ئەو وڵاتە، سەرەنجام لە 29ی ئابی 1907 دەگەڕێتەوە بۆ بەرلین (Kolivand, 2014, 11). بۆ ئەو مەبەستەش ئۆسکار مان هاوشێوەی گەشتی یەکەمی لەگەڵ چوونی بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەستیکردووە بەناردنی ڕاپۆرتی کارەکانی بەشێوەی نامە بۆ ئەڵمانیا، کە لە (64) نامە بەقەبارەی جیاواز پێکهاتبوو، بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتەی نامەکان لەنێوان (4) بۆ (32) لاپەڕەدابوون، بەجۆرێک نامەی یەکەمی لە 2ی ئاداری 1906 دەست پێدەکات و دواهەمین نامەشی لە 14ی حوزەیرانی 1907 کۆتایی دێت، بەمەش زیاتر هەوڵەکانی گەشتی دووەمی لەبارەی لێکۆڵینەوە لەزاراوەی زازاکی بوو (Kolivand, 2014, 14). دوای گەڕانەوەی بۆ زێدی خۆی دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی بەشێک لەهەوڵە زانستییەکانی.

### 5. کۆکردنەوەی مێژووی زارەکی کورد و بەشێک لە هەوڵە زانستییەکانی ئۆسکار مان:-

لەڕاستیدا دتوانین بڵێین کە ئۆسکار مان بەجیاوازتر لەگەڵ هەموو ئەو کوردناسانەی کە بایەخیان بە زیندووکردنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی دابوو و ڕەنجێکی زۆریان لەم پێناوەدا کێشابوو، ئۆسکار مان دوای ئەوەی لەساڵی 1901 سەردانی وڵاتی ئێران کرد، ماوەیەک لەشارە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە مایەوە، کە لەپێشتردا باسمان کردووە، دواتر سەردانی شاری مەهابادی کرد (قاضی، 2021، 11، 13). کاتێک ئۆسکار مان چوو بۆ شاری مەهاباد، ڕاستەوخۆ دەستی بەکۆکردنەوەی زانیارییەکان نەکرد، بەڵکو لەوێ دەستیکرد بەگەڕان بەدوای کەسانێک بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن لە کۆکردنەوەو ڕێکخستن و نووسینەوەی بەیتە کوردییەکاندا هاوڕێ و هاوزمانی ئەو بن (قاضی، 1371ش، 31 – 32).

بۆ ئەو مەبەستەش لە شاری مەهاباد بە گەنجێکی خەڵکی شارەکە ئاشنا بوو، بەناوی (میرزا جەوادی قازی[17])، کە لەیەکێک لە مزگەوتەکانی شارەکە سەرقاڵی خوێندنی ئایینی بوو، ئۆسکار مان دوای ناسینی ناوبراو، هەوڵیدا لەڕێگەی ئەو فێری زاراوەی ناوچەی موکریانی بێت، لەبەرامبەردا میرزا جەواد فێری زمانی ئینگلیزی بکات (فەتاحی قازی، 2009، 231). شیاوی باسە کە میرزا جەوادی قازی هاوکاری زۆری ئۆسکار مانی کرد لە ڕێکخستن و کۆکردنەوەی بەیت و ئەفسانەکانی ناو کتێبی توحفەی موزەفەرییە (صمدی، 1373ش، 207). لەم بارەیەوە ئۆسکار مان لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژەی بەگرنگی ڕۆڵی میرزا جەواد داوە، هەروەها باسی لەوەش کردووە کە ناوبراو لەخێزانێکی دیاری شاری مەهاباد بووەو زۆر حەزی لەفێربوونی زانستی ڕۆژئاوایی بووە و شارەزایی باشیشی لەزمان و ئەدەبی عەرەبی هەبووە، لەبەرامبەردا ئۆسکارمان هاوکاریکردووە تاکو فێری زمانی ئینگلیزی بێت (Mann, 1906, XXVI). سەرباری ئەوەش کە ئۆسکار مان لەلای میرزا جەواد فێری هەندێک لەبنەماکانی زاراوەی کوردی ناوچەی موکریان بوو، بەهاوکاری ئەو بەناو هۆزو تیرە جیاوازەکانی کوردی ناوچەی موکریان گەڕا، بەمەبەستی کۆکردنەوەی مێژووی زارەکی لەڕێگەی پەیوەندیکردن بەچەند گێڕەرەوەیەکی دیاری ناوچەکە بە ناوەکانی (میرزا ئەسکەندەر و ڕەحمانی بەکر[18]) (قاضی، 1371ش، 32). هەروەک ئۆسکار مان خۆی ئاماژەی پێداوە بەهاوکاری ئەو دووانە توانی (200) بەیت و ئەفسانەی تۆمار نەکراوی کوردی بەشێوە زاری ناوچەی موکریان کۆبکاتەوەو لەلای خۆی تۆماری بکات کەهی شاعیرانی هاوچەرخ بوون (Mann, 1906, XXV).

ئۆسکار مان ئاماژەی بەڕۆلی میرزا جەواد کردووە، کە هاوکاری زۆری ئەوی کردووە، بەتایبەتی لە وەرگێڕانی تێکستەکان لەزمانی کوردییەوە [بۆ زمانی ئەڵمانی]، دیارە کە ڕۆژانە تاکو کاتژمێر (5)ی ئێوارە کاریان کردووە و پاشان چوونەتە دەرەوە بۆ کات بەسەر بردن لەشاری مەهاباد (مان، 2014، 162). هەروەها لەبارەی ڕۆڵی (ڕەحمان بەکر)یش، ناوبراو پیرە پیاوێکی دەنگ خۆشی بەناوبانگی ناوچەی موکریان بوو، لەدێیەکی نزیک شاری مەهاباد بەناوی (گوندی حاجی حەسەن) ژیانی بەسەر دەبرد، بۆیە کاتێک ئۆسکار مان ناوبانگی ئەو دەبیستێت، بەدوای دەنێریت، بەڵام ڕەحمان بەکر بەهۆی پیری تەمەن و وەرزەکەش کاتی دروێنە بووە، بۆیە نەچووە بۆلای، بەڵام ئۆسکار مان هەروەک ئاماژەی پێداوە لەگەڵ بەرپرسی پۆلیسی شارەکە پیلانێکی بۆ داناوە و بەو بیانووە توانیویەتی بیکێشێتە شاری مەهاباد و نەهێڵێت دەستگیربکرێ، ئەمەش وایکردووە ناوبراو ئامادەبێت خزمەتی ئۆسکار مان بکات بەتایبەتی لەخوێندنی ئەو شیعر و بەیت و ئەفسانە کوردییانەی کە ناوبراو لەبەری بووەو ڕۆژانە (8) کاتژمێر سەرقاڵی دەنگبێژی بووە بۆ ئۆسکار مان و

تەنانەت خۆی زۆر بنەخۆشحاڵ زانیوەو وەکو گەنجینەیەک پێناسەی ناوبراوی کردووە کەدەستی کەوتووە، تەنانەت ئاماژەی بەوەشداوە لەو ماوەیەدا سەردانی کەسی نەکردووەو تەنیا خەریکی نووسینەوەی ئەو بەیتانە بووە کە ناوبراو بۆی خوێندووە (مان، 2014، 162 - 163).

جێگەی ئاماژەیە ئۆسکار مان ئەو ماوەیەی کە سەردانی وڵاتی ئێران و عوسمانی و کوردستانی کردبوو، لەو دوو وڵاتەدا توانیبووی بەرهەمێکی زۆر لەبارەی زاراوە جیاوازەکانی زمانی کوردی کۆبکاتەوە، کە دواتر لە وڵاتی ئەڵمانیا لەماوەی جیاوازدا توانی هەندێکیان بڵاوبکاتەوە، بەجۆرێک کە ئیمپراتۆری ئەڵمانی (ڤیلهێلمی دووەم) بایەخێکی تایبەتی بە گەشتەکەی ناوبراو داوە ئەمەش هاندەربوو بۆ ئەوەی هەوڵە زانستییەکانی خۆی لە (6) بەرگدا لەبارەی ناوچەی موکریان بڵاوبکاتەوە، بەڵام هەوڵەکانی گەشتی عوسمانی بەهۆی کۆچی دوایی کردنی نەیتوانی بڵاویان بکاتەوە (Strauli, 2021, 1, 8 - 9). تا بەر لەچوونی ئۆسکار مان بۆ ناو کوردەکان و کوردستان، زۆربەی بەیتەکان نەنووسرابوونەوەو دیارنەبوو بێژەرو نووسەرو گێڕەرەوەکانیان کێ بوون، بەڵکو تەنیا گێڕەرەوەکانیان هەندێک لەوانە بوون کە داستانەکانیان لەبەرکردبوو و بەشێوەی زارەکی و بە ئاوازێکی غەمگین بەشێوەی (حەیران و لاوک) دەیانخوێند (قاضی، 1371ش، 30). ناوبراو بەر لەوەی سەردانی وڵاتی ئێران و عوسمانی بکات کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی تری هەبوو، کە دەکرێ لێرەدا ئاماژەیان پێ بدەین:

1.سوکرات لەبارەی هاوڕێیەتی چی گوت / Mann, Quid Censuerit Socrates de Amicitia (1873). (1873).

2.لێکۆڵینەوە لەبارەی کتێبی موجمەلولتەواریخی بەرهەمی ئەلتەواریخی ئەبولحەسەن بن محەمەدئەمین گوڵستانە (1896).

3.لێکۆڵینەوە لەسەرچاوەی مێژوویی ئەحمەد شای دوڕانی (1898). (قاضی، 2021، 43).

4.محەمەدییەت لەسەدەی نۆزدەهەمدا/ Mann (Mohammedanism in the Nineteenth Century (1900)،).

سەربارى ئەوەی یەکێک لەدیارترین بەرهەمەکانی ئۆسکار مان، کە لەساڵی 1906 لەچاپی دابوو لەبارەی شێوە زاری کوردی ناوچەی موکریان بوو، ئەویش کتێبێک بەناوی (زاراوەی کوردی موکری/ Die Mundart Der Mukri-Kurden)، ئەو کتێبە بە (توحفەی موزەفەرییە/ تحفه مظفریه) ناسراوە (Kolivand, 2014, 11)، چونکە ئۆسکار مان ئەو کتێبەی وەک دیاری پێشکەشی موزەفەرەددین شای قاجار (1896 – 1907) کردبوو (حکیم زاده، 1389ش، 37). جگە لەوانەی کە ئاماژەمان پێیاندا ئۆسکار مان لەماوەی نێوان ساڵانی (1907 – 1910) زیاتر لە حەوت لێکۆڵینەوەی دیکەی لەبارەی زاراوەکانی زمانی کوردی و فارسی لە حەوت بەرگی جیاوازدا بڵاو کردەوە، کە دەکرێ ئاماژە بەهەندێک لەوان بدرێت.

5.زاراوەی کوردانی موکری: بەشی دووەم وەرگێڕانی ئەڵمانی دەقەکان پێشەکییەک بۆ ناوەڕۆک و فۆرمی شیعری فۆلکلۆری کوردی ڕۆژهەڵات. 1906 / DIE MUNDART DER MUKRI-KURDEN: Teil I. Grammatische Skizze, Texte in phonetischer und persischer Umschrift. 1906

6.لێکۆڵینەوە لەبارەی شێوەزاری تاجیکی پارێزگای فارس، ساڵی ۱۹۰۹/ Die Tajik-Mundarten Der Provinz Fars, 1909/ DIE MUNDART DER MUKRI-KURDEN: Teil II. Deutsche Übersetzung der Texte mit einer Einleitung über Inhalt und Form der ostkurdischen Volkslyrik. 1909

7.لێکۆڵینەوە لەبارەی زاراوەی هۆزی لوڕ لە باشووری ڕۆژئاوای فارس، ساڵی ۱۹۱۰/ Die Mundart Der Lur-Stämme Im Südwestlischen Persien, 1910 (Kolivand, 2014, 11 – 12).

لەڕاستیدا؛ ئەگەرچی ئۆسکار مان بەرهەمێکی زۆری لەبارەی زاراوە جیاوازەکانی زمانی کوردی و فارسی کۆکردبووەوە، توانی بەشێک لە هەوڵە زانستییەکانی تا لەژیاندابوو بڵاوبکاتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کێشەی بینایی چاوی بۆ دروست بوو، نەیتوانی لە بڵاوکردنەوەکانی بەردەوام بێت. هەروەها لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی (ئاژانسی هەواڵی ڕۆژهەڵات /Orient)ی دامەزراند، هەر بەهۆی شارەزایی ناوبراو لە وڵاتی ئێران، لەلایەن وەزارەتی

دەرەوەی ئەڵمانیا وەکو بەرپرسی سیاسەتی ئێرانی و چاودێری بڵاوکراوەکان بە زمانی فارسی دیاریکرا، پاشان بەهاوکاری ژمارەیەک لە سیاسییە ئێرانییە دوورخراوەکان لەشاری بەرلین ڕۆژنامەیەکی هەواڵییان بەناوی ڕۆژنامەی کاوە دامەزراند [19]، دیارە کە ئەو هەموو ئەرکە زۆرەی کە بە ناوبراو سپێردرابوو ڕێگر بوو لەوەی کار لەسەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان بکات و هەموو ئەو بەڵگانەی کە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیدا بەدەستی هێنابوو، بڵاویان بکاتەوە. دوای ئەوەی لە 5ی کانونی یەکەمی 1917 کۆچی دوایی کرد، کتێبخانەکەی لەلایەن تاکە خوشکەکەی بەناوی (مارسا) سەرپەرشتی کرا، ئەویش لەساڵی 1928 کۆچی دوایی کرد .(Kolivand, 2014, 12 - 13)

سەبارەت بە بەرهەمەکانی ئۆسکار مان، باس لەوە دەکرێ کە ئەکادیمیای زانستی ئەڵمانی داوای لەکوردناس و ئێرانناسێکی ئەڵمانی کردبوو بەناوی (کارل هادانک/ Karl Hadank 1882 – 1945)، بۆ ئەوەی کار لەسەر لێکۆڵینەوە زانستییەکانی ئۆسکار مان بکات و ساغیان بکاتەوەو بڵاویان بکاتەوە، دیارە ناوبراو لەماوەی ساڵانی (1919 – 1945) سەرقاڵی ئەو کارە بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ناوبراویش لەو ماوەیەدا سەردانی شارەکانی بەغداو حەلەب و چەند ناوچەیەکی دیکەی کردبوو (Avci, 2021, B، 162 – 163). هەروەها هەوڵیدابوو فێری زاراوەکانی زمانی کوردی بێت، ئەمەش وایکردبوو کە کارەکانی خۆی لەگەڵ نووسینەکانی ئۆسکار مان تێکەڵ بێت، بەجۆرێک لێک جیاکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانی ئەو دوو کوردناسە کە ئێستا لەئەرشیفی نشتیمانی ئەڵمانی لەبەرلین پارێزراوە بووەتە کارێکی ئەستەم بۆ لێکۆڵەران، بەهۆی تێکەڵبوونیان بەیەکتری (هێدی، 2011، 127).

### 6. پێکهاتەی کتێبی توحفەی موزەفەرییە:-

لەڕاستیدا کتێبی توحفەی موزەفەرییە، یەکێک بوو لەو کارە زانستیانەی کە ئۆسکار مان دوای گەڕانەوەی بۆ وڵاتی ئەڵمانیا کاری لەسەر کرد، ئەویش لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە لەبارەی زاراوەکانی سەر بەزمانی کوردی بەدەستی هێنابوو لەکاتی گەشتەکەیدا بۆ شاری مەهاباد و ناوچەی موکریان، بۆ ئەو مەبەستەش لەساڵی 1906 ئەو کتێبەی لەچاپدا، ئەگەرچی ئەو کتێبە زیاتر تیشکی خستۆتە سەر زمان و ئەدەب و مێژووی زارەکی کورد کە بەشێوەزاری موکری بڵاویکردۆتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا لەپێشەکی ئەو کتێبەدا ئاماژەی بە مێژوو و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و شێوەزاری خەڵکی ناوچەی موکریان و دەورووبەری داوە، ئۆسکار مان ئاماژەی بەوەداوە  کە جگە لە چەند هۆزێکی کوردی[20] نەبێ کە لە شاری ئورومیەوە بەرەو باکووری ئەو شارە چوون و لەوێ نیشتەجێ بوون، شێوەزارێکی جیاوازیان هەیە، بەپێچەوانەوە هەموو ئەوانی دیکە بەزاراوەی موکری ئاخاوتن دەکەن (Mann, 1906, VIII). هەروەها لەڕووی مێژووییشەوە باسی لەبنەچەی هۆزی موکری کردووە،  کە فەرمانڕەوای شاری مەهاباد بوون، ئەو پێیوایە کە هۆزی موکری لەبنەچەدا دەگەڕێنەوە بۆ بنەماڵەی بابا ئەمیری[21]، کە درێژکراوەی ئەو بنەماڵەیە دەگەڕێنەوە بۆ شاری سلێمانی و ناوچەکانی دەورووبەری و لە (شارەزوور)ەوە هاتوون و بەزەبری هێز توانیان هۆزەکانی ناوچەی موکریان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و تاکو ئەمڕۆش ناوچەکەیان لەژێر دەستدایە (Mann, 1906, XVII). سەربارى ئەوەی ئۆسکار مان، لەکتێبەکەیدا وێنای  پێکهاتە کۆمەڵایەتی و خێڵایەتی[22] شاری مەهاباد و ناوچەی موکریان و دابەشبوونی جوگرافی هۆزە کوردییەکانی ئەو ناوچەیەشی کێشاوە، بەجۆرێک ئاماژەی بەوە داوە کە هۆزی دێبوکری [23]زۆرترین دانیشتوانی ئەو شارەیان پێکهێناوە، ئەوانە زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی موکریان بەتایبەتی لەناوچەکانی (شارویران و میاندواو) نیشتەجێن، ئەگەر لەناوەڕاستی موکریان و شاری مەهابادیش بەرەو ڕۆژئاوا بچی، ئەوا سێ هۆزی کوردی لەوێ نیشتەجێن کە شێوە زاریان موکرییە، ئەوانیش هۆزەکانی (بلباس، مامەش و مەنگوڕ)ن، هەروەها (هۆزی ڕەوەندی[24])یش لەباشووری شاری شنۆوە بەرەو بانە سەردەشت درێژ دەبنەوە کە دەکەوێتە بەشی باشووری شاری مەهاباد ( Mann, 1906, XVIII - XIX).

شیاوی باسە کە ئۆسکار مان لە نووسین و بڵاوکردنەوەی کتێبی توحفەی موزەفەرییەدا سوودی لە شارەزایی خۆی کە لەبارەی زمانی کوردی هەیبوو وەرگرت، لەم بارەیەوە ئۆسکار مان دەڵێت:  **کاتێک گەیشتمە ناوچەی موکریان و بە زمانی کوردی و فارسی گفتوگۆم دەکرد، بووە جێگەی سەرسوڕمانی خەڵکی ناوچەکە** (مان، 2014، 160). بۆیە یەکێک لەمێژوونووسانی هاوچەرخی ناوبراو و خەڵکی شاری مەهاباد لە کتێبەکەی خۆیدا باسی لەوەکردووە: کاتێک

ئەو چووەتە ناوچەی مەهاباد هیچ ڕستە و دەستەواژەیەکی کوردی نەبوو لێی تێنەگات، ئەگەرچی و هەرگیز نەیتوانیوە وەکو کوردێکی ناوچەی مەهاباد بئاخڤێ، بەڵام گومانی تێدا نییە کە هەوڵەکانی ناوبراو بۆ فێربوونی شێوەزاری موکری کۆکردنەوەی ئەدەبیاتی ناوچەکە بەیارمەتی میرزا جەوادی قازی بووە (قاضی، 2021، 14 – 15). جێگەی ئاماژەیە هەروەکو لەپێشتر ئاماژەمان پێیدا، ئۆسکار مان بەخۆشی نکۆڵی لەڕۆڵی میرزا جەوادی قازی و ڕەحمان بەکر و میرزا ئەسکەندەر نەکردووە کە بەیارمەتی و هاوکاری ئەوان ژمارەیەکی زۆر فۆلکلۆری کوردی کۆکردۆتەوە و لای خۆی تۆماری کردوون، هەروەها سەبارەت بەوەی گوایە ئۆسکار مان نەیتوانیوە هاوشێوەی کوردێکی مەهابادی بەشێوەزاری ناوچەکە ئاخاوتن بکات، دەکرێت بڵێین؛ ڕەنگە بۆ کەسێکی بیانی ئاسان نەبێ کە تەنیا لەماوەی سێ مانگدا فێری زاراوەی موکری بێت، بەڵکو بۆ ئەو ئەوەندە بەس بووە کە توانیویەتی وتووێژ بەزمانی کوردی بکات و لێی تێبگات بێ ئەوەی پێویستی بەوەرگێڕ بووبێت.

سەبارەت بە ناوەڕۆکی کتێبی توحفەی موزەفەرییە، ئەو کتێبە لە پێشەکییەکی درێژ بەزمانی ئەڵمانی، کە (3) لاپەڕەی یەکەمی تایبەتە بەنووسینی کتێبەکە و سوپاس و پێزانینی ئەوانەی یارمەتیانداوە لە نووسینیدا، هەروەها نزیکەی (80) لاپەڕەشی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە ڕێزمانی کوردی ناوچەی موکریان و چۆنیەتی کۆکردنەوە و نووسینی بەیتە کوردییەکان، ئەوی دیکەش کە لە (302) لاپەڕە پێکهاتووە، کارەکانی ئۆسکار مان لەخۆدەگرێت، بەڵام بە پیتی (لاتینی) بەشێوە زاری ناوچەی موکریان نووسراوەتەوە، هەروەها بەشێکی دیکەی کتێبەکە لەپێشەکییەک بە زمانی فارسی و (58) لاپەڕە کە بەشێک لەکارەکانی خۆی لەوێ بەڕێنووسی کوردی فارسی داناوە، پێکدێت، سەربارى ئەوەی داستانەکانی ناو کتێبەکە لە (6) چیرۆکی ئەفسانەیی و ژمارەیەک بەیتی شیعری پێکهاتووە، لەو 6 چیرۆکە تەنیا یەکێکیان ناونیشانی هەیە بەناوی (**خولا لە سوڵتان مەحمودی گەورەترە**)، بەڵکو ئەوانی دیکە بێ ناونیشانن (Mann, 1906, 1 – 11). هەروەها بەیتەکانیش بەهەمان شێوە لە کۆمەڵێک چیرۆکی ئەفسانەیی شۆڕشگێڕی و سوارچاکی و ئازایەتی و دڵداری کوردی پێکهاتووە، کە ئەمانەن (**دمدم، مەموزین، لاس و خەزاڵ، ناسرو ماڵ ماڵ، برایمۆک، شێخ فەروخ و خاتوو ئەستێ، مەحمەڵ و برایمی دەشتیان، قۆچ عوسمان، جولْندی، خەزێم، کاکە میرو کاکە شێخ، لەشکری، قەر و گوڵەزەر، بەیتی زەمبیل فرۆش، بەیتی باپیر ئاغای مەنگوڕ بابی هەمزاغای، بەیتی عەبدورەحمان پاشای بەبە، شیعری فۆلکلۆر**[25])، (توحفەی موزەفەرییە، 2009، 15 – 16).

لەڕاستیدا ئەگەر لەنزیکەوە بڕوانینە ناوەڕۆکی ئەو بەیتە شیعرییانەی کە ئۆسکار مان لە دەنگبێژانی کوردی وەرگرتووە، لە ڕووی پێکهاتەییەوە، بەتەواوی کوردین و تایبەتن بەنەتەوەی کورد، لەڕووی مێژووییشەوە هەندێکیان مێژوویین و سەردەمی ڕووداوەکانیان دیارە کەی ڕوویداوە، بەشەکەی دیکە بەگشتی زانراوە کە بەسەرهاتی کوردین، بەڵام ماوەو سەردەمی ڕووداوەکان دیارنییە کە لە چ سەردەمێکدا ڕوویانداوە، یاخود کاراکتەری ناو ڕووداوەکان لە چ سەردەمێکدا ژیاون، یاخود هەندێک لە بەیت لەناو ڕووداوە مێژووییەکاندا زیادکراون کە لەبنەڕەتدا شتی وا ڕووینەداوە، یاخود نەبووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵبوونی ڕووداوە مێژووییەکان بە ئەفسانە، کە هاوکات گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان بەشێوەی ئەفسانەیی وایکردووە، ئەو چیرۆکانە بەدرێژایی مێژوو لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا بەزیندوویی بمێننەوە.

لەکۆتاییدا دەکرێت بڵێین کە کوردناسی ئەڵمانی ئۆسکار مان، بە کۆکردنەوەی مێژووی زارەکی کوردی، توانیبووی خزمەتێکی گەورە بە پاراستنی بەشێکی زۆر لە ئەدەبیاتی کوردی بکات، کە هەندێکیان تا ئەو سەردەم نەنووسرابوونەوە، بەمەش ئەگەر ناوبراو نەبووایە ڕەنگە ئێستا زۆربەیان لەبەردەستمان نەبووایەو هیچمان لەبارەیانەوە نەزانیبووایە، سەبارەت بەوانی دیکەش کە لەپێش ئۆسکار مانیشدا لەلایەن شاعیران و نووسەرانی کورد گووتراون و نووسرابوونەوە، بەڵام جیاوازی ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ کۆکردنەوەیان بەشێوەزاری موکری، کە ئەمەش جۆرێک لەتایبەتمەندی داوە بە ئەفسانەو داستانە شیعری و نووسینەکان، بەوەی گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان بەهەر شێوە زارێک چێژی تایبەتی خۆی هەیە، زاراوەی موکریش یەکێک لەوانەیە.

## 7. ئەنجامەکان:-

دوای لێکۆڵینەوە لەهەوڵەکانی کوردناسی ئەڵمانی گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

1. ئۆسكار مان، بەو هەوڵەی دای بۆ نووسینەوەی مێژووی زارەكی كورد، توانی بەشێكی گرنگ لە مێژووی زارەكی كورد كە تاوەكو بەر لەسەردەمی ئەو لەناو كورددا لەڕێگەی گێڕەرەوەكان دەستاودەستی پێكرابوو، لەلای خۆی تۆماری بكات و لە فەوتان و لەناوچوون بپارێزێت.
2. تۆماركردنی مێژوو بە زاراوەی موكری دەرخەری دەوڵەمەندیی زمانی كوردییە، كە خاوەن چەندین زاراوەی ناوچەیی جیاوازە، بەجۆرێك هەریەك لە شێوەزارە كوردییەكان تایبەتمەندی خۆی هەیە لەبارەی چۆنیەتی ئاخاوتن و گێڕانەوە و تۆماركردنی ڕووداوە مێژووییەكان، لەنێویاندا زمانی موكری یەكێك لەو شێوە زارانەیە كە ئۆسكار مان لەپاڵ زمانی زاراوەكانی دیكەی سەر بەزمانی كوردی لێكۆڵینەوەی لەبارەیەوە كردووە و بەشێك لە چیرۆك و ئەفسانە كوردییانەی كە هەبوون و بەو زاراوەیە لە دیوەخان و شوێنە گشتییەكانی ناوچەكەدا دەخوێندرانەوە لەلای خۆی تۆماری كردبوو.
3. بەشداریی كورد لە ئەدەبیاتی جیهانی هاوشێوەی نەتەوەكانی دیكە، پاڵپشت بە نووسینەكانی ئۆسكار مان، نەتەوەی كوردیش هاوشێوەی زۆربەی گەلانی دیكەی جیهان خاوەنی ئەدەبیاتی تۆماركراو و نەكراوی تایبەت بەخۆی بوو، بەجۆرێك كە ناوبراو لەئەنجامی هەوڵەكانیدا توانی بەشێك لەو ئەدەبیاتە نەنووسراوەیە لەلای خۆی تۆمار بكات و دواتر لەڕێگەی نووسینەوەی كتێبی (توحفەی موزەفەرییە) دەریخست كە كوردیش نەتەوەیەكە مێژوویێكی دەوڵەمەندی تۆمار نەكراوی هەیە.
4. پەرۆشی ئۆسكار مان بۆ لێكۆڵینەوە لەبارەی مێژووی كورد لەڕۆژهەڵاتی كوردستان، وێنای شێوەی زمان و ژیان و داب و نەریتی كۆمەڵگەی كوردەواری لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان لەسەرەتای سەدەی بیستەم خستە نێو مێژوو، لە دووتوێی كتێبەكەیدا تۆماریكردوون، لەگەڵ ئاماژەدان بەو ئاستەنگ و بەربەستانەی لەكاتی توێژینەوەكەیدا چووبووە بەردەمی.
5. پەرۆشی كورد بۆ تۆماركردنی مێژووی زارەكی خۆی، لەوانەش دەكرێ باس لەڕۆڵی (میرزا جەوادی قازی) وەكوو كەسێكی ڕۆشنبیر، لەگەڵ هەریەك لە (ڕەحمانی بەكر و میرزا ئەسكەندەر) وەكوو دوو كەسایەتی لاوك بێژو گێڕەرەوەی مێژووی زارەكی بەشێوەی چیرۆك، هاوكاری ئۆسكار مان بوون لەكاتی لێكۆڵینەوەكەیدا لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان كەچەند پەرۆش بوونە بۆ نووسینەوەی مێژووی تۆمار نەكراوی نەتەوەكەیان كە بە شێوە زاری موكری گفتوگۆی پێكراوە، لەلایەن ئەو تۆمار بكرێت، بەوەی كارئاسانی و هەماهەنگیان بۆ كردووە، تاكو بتوانیت ئەو دەنگخۆش و چیرۆك گێڕەوە بەتەمەنانەی كورد لەناوچەكەدا هەڵگری دەیان چیرۆكی مێژوویی كورد بوون لەناخیاندا بەر لەوەی كۆچی دوایی بكەن، ئۆسكار مان بیان بینێت و زانیارییەكانیان بە زاراوەی ناوچەیی لێوەربگرێت.

## 8. پەراوێزەكان:-

(1) بۆ زانیاری لەبارەی لێكۆڵینەوەكانی ئۆسكار مان لەسەر زاراوەی زازاكی بڕوانە ( Avci, 2021, A; B, 108 – 116; 161 – 173; Strauli ,2021, 7 – 8, 10 – 11 ).

(2) بۆ زانیاری زیاترلەبارەی بنەماڵەی (مان/ Mann) بڕوانە: (https://ahnengeschichte.de/familienlinie-mann).

(3) سانسكریت/ Sanskrit:- ئەو زمانە بەیەكێك لەزمانە دێرینەكانی (هیندۆ ئەورووپی) ناسراوە، بەڵام كۆنترینیان نییە، بەپێی ئەو زانیارییانەی كە لە ئەنجامی لێكۆڵینەوەكان لەو زمانە بەدەستكەوتووە، سەرەتاكەی دەگەڕێتەوە بۆ (1700 ساڵ پێش زایین) زمانی گفتوگۆی هیندییە كۆنەكان بووە، كە بەر لەهاتنی ئارییەكان بۆ ناوچەكانی ئێران خەڵكی ناوچەكە گفتگۆی پێكردووە، دەركەوتووە هەندێك دەستەواژەی هاوبەش لەنێوان ئەو زمانە كۆنە و زمانەكانی (یۆنانی و لاتینی) هەیە، واتە ئەو زمانە سەر بەكۆمەڵەی گروپی زمانە هیندۆ ئەورووپییەكانە (جلالی نائینی، 1375ش، چ1، 9 – 10، 13).

(4) بڕوانە تەوەری سێیەم، لەوێ بەوردی باسكراوە (توێژەر).

(5) لەڕاستیدا ئەو كەسەی كە زمانەوان و مێژوونووسی كورد (دكتۆر جەمال نەبەز/ 1933 – 2018)، لە وتارێكیدا بەناوی كوردناسی ئەڵمانی كە لەساڵی 1974 لەگەڵ ژمارەیەك مێژوونووس و زمانەوانی دیكەی كورد و بیانی زنجیرە

وتارێکیان لەکتێبێکدا بەناوی کوردناسی لەئەورپا بڵاوکردۆتەوە، گوایە زێڕینگرێکی باڤاری بووە لەساڵی 1473 کتێبەکەی بڵاوکردۆتەوە باسی کوردستانی کردووە. ئەو کەسە ڕاستە کەسێکی باڤاری ئەڵمانی بووە، بەڵام زێڕینگر نەبووە، بەڵکو لە بنەماڵەیەکی خانەدان بووە و لەنێوان ساڵانی (1381 – 1440) ژیاوە، لە ساڵی 1396 لەپاڵ پادشای هەنگاریا (سیگمۆند/ Sigismund) لەدژی دەوڵەتی عوسمانی بەشداری لە شەڕی (نیکۆپۆلیس/ Nicopolis) کردووە، کە لەو شەڕەدا پادشای هەنگاریا دەکوژرێت و شیڵتبێرگەریش بەدیل دەگیرێت و دەبێتە کۆیلەی سوڵتانی عوسمانی (بایەزیدی یەکەم/ 1389 – 1402)، لەدوای شکانی بایەزید لەشەڕی ئەنقەرە کە لە ساڵی 1402 لەدژی تەیموری لەنگ (1370 – 1405) ڕوویدا، شیڵبێرگەر دەبێتە کۆیلەی تەیمور و کوڕ و نەوەکانی و تاکو ساڵی 1427 لای ئەوان دەمێنێتەوە، لەو ماوەیەدا وەکو کۆیلەیەک بەشداری لە هەموو شەڕ و هەڵمەتە سەربازییەکاندا کردووە کە ڕوویداوە و سەردانی زۆر شار و ناوچەی جیاوازی لە ڕۆژهەڵاتکردووە، لەناویاندا کوردستان، لەدوای ڕاکردنی و گەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیا بەسەرهاتەکانی لەساڵی 1473 بەزمانی ئەڵمانی لەچاپدراوەو لەساڵی 1859 وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی بەناوی

(THE BONDAGE AND TRAVELS, JOHANN SCHILTBERGE, A NATIVE OF BAVARIA, IN EUROPE, ASIA, AND AFRICA. 1396-1427)

شیاوی باسە شێلتبێرگەر بە مارکۆپۆلۆی ئەڵمانی ناسراوە لەلایەن مێژوونووسان و ڕۆژهەڵاتناسەکان، بەهۆی ئەو گەشتە زۆرانەی لەماوەی دەستبەسەری لەڕۆژهەڵات ئەنجامیداوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( Schiltberge, 1859, XIIV - XXIX).

(6) بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: (نەبەز، 1974، 6 – 25).

(7) جێگەی ئاماژیە لە زمانی کوردی شێوە زار (زاراوە)ی ناوچەی سلێمانی هەیە، بەڵام نووسین و ڕێنووسی سلێمانی بوونی نییە، بەڵکو ڕێنووسی سۆرانی هەیە، کە زاراوەی سلێمانیش بەشێکە لەو ڕێنووسە، بەڵام زاراوەی سلێمانی زاراوەی نووسینی ڕێزمانی کوردی نییە کە ئێستا کورد پێی دەنووسێت و دەخوێنێت، بەڵکو هەندێک لەزاراوە سەرەکییەکانی سلێمانی بەشێکە لەڕێزمانی کوردی. بۆیە مەبەستی نووسەر بەتەواوی دیارنییە، کە مەبەست لەزمانی سلێمانی ئایا زاراوەی ناوچەی سلێمانییە، یاخود زاراوەی سۆرانییە (توێژەر).

(8) هێڵی ئاسنی بەغدا بەرلین: لە 5ی ئاداری 1902 وەزیری ڕێگاوبان و بازرگانی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ دکتۆر زاندەری ئەڵمانی بەڕێوەبەری گشتی هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵ ڕێککەوتننامەی ڕاکێشانی هێڵی ئاسنی (بەسرا، بەغدا، قۆنیە)یان واژوو کرد، کە لەوێشەوە دەوڵەتی عوسمانی ببەستێتەوە بە وڵاتی ئەڵمانیا، ئەو ڕێککەوتننامەیە لە (11) بەند پێکهاتبوو، جیاوکەکەی بۆ ماوەی (99) ساڵ بوو، ئەگەرچی وڵاتی ئەڵمانیا توانی هێڵی ئاسن لە بەسرا بگەیەنێتە شاری بەغدا و کوردستانیش، بەڵام بەهۆی ئەو بەربەستانەی بەریتانیا بۆی دروست دەکرد، نەتوانرا هێڵەکە بگەیەنرێتە وڵاتی ئەڵمانیا، کە لەبنەڕەتدا بەستنەوەی دەوڵەتی عوسمانی و ناوچەکانی کەنداوبوو بە ئەوروپا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (بحري، 1967، 69 – 72).

(9) بەختیاری:- بەختیارییەکان زێدی نیشتەجێبوونیان دەکەوێتە نێوان (ئەسفەهان و فارس، لوڕستان و خوزستان/ ئەهواز) لەسەرچاوە مێژووییەکاندا بە لوڕی گەورە ناسراون، مێژوونووسان و لێکۆڵەرانی بیانی لەبارەی بنەچەی ئەو هۆزە بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێک پێیان وایە ئەوان کوردن (اوژن بختیاری، 1345ش، ج1، 1 – 3). بەڵام هەندێکی دیکە لەمێژوونووسان پێیان وایە ئەوان تەنیا لوڕی گەورەن و کورد نین بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (افشار سیستانی، 1366ش، ج1، 453 – 461)، بەڵام بەختیارییەکان لەبنەڕەتدا کوردن و سەر بەهۆزی لوڕن شوێنی نیشتەجێبوونیان ناوچەکانی هەرێمی فارس و لوڕستانە، ئەو هۆزە تا ساڵی 1984 ژمارەیان (89054) خێزان بوو (میرنیا، 1368ش، 131 – 132). جێگەی ئاماژەیە لەکاتی ئێستادا بەختیارییەکان خۆیان پێ لوڕی گەورەیە و کورد نییە و ئەوان پێیان وایە هاوشێوەی کورد و فارس نەتەوەیەکی سەربەخۆی ئێرانین. ڕەنگە ئەمەش لەژێر کاریگەری تەوژمی داگیرکاری خاکی کوردستان و نەبوونی دەوڵەتێکی کوردستانی و پەرتەوازەبوونی هۆزە گەورەکانی کورد بێت بەناو ئەو وڵاتانەی

که خاکی کوردستانیان داگیرکردووە. (توێژەر).
(10) هۆزەکانی لوڕ:- گومانی تێدا نییە کە لوڕەکان بەشێکن لە نەتەوەی کورد، لەم بارەیەشەوە مێژوونووسی کورد شەرەفخانی بەدلیسی لە کتێبەکەی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە نەتەوەی کورد لەڕووی زمانەوە دابەشی سەر چوار شێوەزار دەبێت کە ئەوانیش (لور، گۆران، لەکی و کرمانج)ن. لەم بارەیەوە بڕوانە (بەدلیسی، 2006، 21). سەبارەت بە لوڕەکان ئەوان دابەشی سەر چەند هۆزێک دەبن، کە ئەوانیش (مامەسانی، کۆهگلیوەیی، بەختیاری و لوڕ)، کە زۆربەیان شیعە مەزهەبن و بەشێکیش لەوان لەسەر ئاینی یارسانین بەتایبەتی (لەک)ەکانن بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (زكي بك، 2005، 72 – 73). بەڵام پیدەچی (ئۆسکار مان)یش وەکو بەشێک لە مێژوونووسان تووشی هەمان هەڵەی ئەوان بووبێتەوە لەبارەی بنەچەی لوڕەکان، ئەویش ڕەنگە بەهۆی جیاوازی زاراوەی ئەوان لەگەڵ زاراوەی کوردی. (توێژەر).
(11) ئەگەرچی ئۆسکار مان ئاماژەی بەو دوو شێوە زاراوەیە نەداوە کە لوڕەکان ئاخاوتنی پێ دەکەن، بەڵام ئەو زاراوانە دەکری هەردوو شێوەزاری (لوڕی و لەکی) بێت، چونکە ئەو دوو شێوە زارەیە کەبەشێکن لەزاراوەکانی سەربەزامنی کوردی، زاراوەی لوڕی هەریەک لە زاراوەکانی (فەیلی، بەختیاری، حەفتلینگی و سوسەنگردی) لەخۆ دەگرێت نزیکی زۆری هەیە لەگەڵ زاراوەکانی ناوچەی کرماشان کە بەزاراوەی لەکی ئاخافت دەکەن، ئەوانیش (کەلهوڕی، ئیلامی و شێروانی و گەرۆسی) لەخۆ دەگرێت. لەم بارەیەوە بڕوانە: (میرنیا، 1368ش، 16 – 17).
(12) ڕۆژئاوای ئێران:- مەبەست لێی کوردستانی ئێران (ڕۆژهەلاتی کوردستان)ە. (توێژەر).
(13) تیفۆ – Typhus:- نەخۆشییەکی گوازراوەیە، مرۆڤ توشی تای گەرم دەبێت و زۆرجار ئەگەر نەخۆشەکە زوو چارەسەر وەرنەگرێت دەبێتە هۆی مردنی، ئەو نەخۆشییە لەڕێگەی (ئەسپێ، مشک، مەیمون) و هەندێک جۆری دیکەی گیانەوەر دەگوازرێنەوە بۆ مرۆڤ. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (مصطلحات-طبية/الامراض-المعدية/ التيفوس/ https://altibbi.com).
(14) بەیت:- لەزمانی کوردی بەمانای چیرۆکی شیعر و گۆرانی دێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (هەژار، 1369ش، 87).
(15) سەبارەت بە گەشتی دووەمی ئۆسکار مان، کە زیاتر بۆ ناوچە کوردییەکانی دەوڵەتی و عوسمانی بەگشتی و لێکۆڵینەوە لە زاراوەی زازاکی بوو، ناوبراو دوای گەیشتنی بەناوچەکە بۆ ماوەی ساڵێک لەناو کوردەکانی ئەوێ مایەوە (BELTEKİN, 2023, 7 – 8). سەرباری ئەوەی ئۆسکار مان و یەکێکێک لەهاوکارەکانی بەناوی ڕۆزن کە سەردانی دەوڵەتی عوسمانی کردبوو، توانیبووی سەرنجی سوڵتانی عوسمانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (1876 – 1909) بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، لەبارەی گرنگیدانی بەشێک لەزانکۆکانی ئەڵمانیا بە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی بەگشتی و زمانی عەرەبی بەتایبەتی، بەجۆرێک پێیان ڕاگەیاندبوو کە کە زیاتر لە (20) زانکۆ لە وڵاتە لێکۆڵینەوە لەبوارە جیاوازەکانی مێژووی ئەو وڵاتە دەکەن، سەرباری ئەوەی ئەوان پێیان ڕاگەیاندبوو کە کتێبێکی شیعری سوڵتان سەلیم (1512 – 1520) کە بەزمانی فارسی نووسرابوو، ئۆسکار مان بەهاوبەشی لەگەڵ کەسێکی دیکە بەناوی کرێیزەر (Kreiser ) بەزمانی فارسی بەچاپیان گەیاندبوو، کە دانەیەکیشیان پێشکەشی سوڵتانی عوسمانی کردبوو (Theilhaber, 2020, 240). زیاتر لەوەش ئەوکاتەی کە ئۆسکار مان چووتە ناوچە کوردییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، لەئەنجامی گەڕان و لەشاری ئورفە ئاشانەیەتی بە شێوەزاری زازاکی پەیدا کرد ،ئەمەش هانیدا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو شێوە زاراوەیە بکات و لەنزیکەوە پەیوەندی بەهەندێ لەکوردەکانی ناوچەکە بکات بۆ ئەو مەبەستە (Avci, 2021, B, 167). لەشاری ئورفە پەیوەندی بەچەند کوردێک کرد و لەڕێگەی ئەوان ئاشنا بوو بە گۆرانیبێژێکی میللی بەناوی (شێخ بوزان)، دوای ئاشنابوونی بەو کۆمەڵێک گۆرانی میللی کوردی بەشێوەزاری کرمانجی و زازاکی لەزمانی ئەو وەرگرت و لەلای خۆیدا تۆماری کرد (Strauli, 2021, 7 – 8). لەڕاستیدا دەکرێت بڵێین ئەو هەوڵانەی لێکۆڵەران و زمانناسان و ڕۆژهەڵاتناسەکانی ئەڵمانی، کە لەبارەی مێژوو و زمان و ئەدەبی وڵاتانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و دەوڵەتی عوسمانی و ئێران بەتایبەتی دابوویان، دەگەڕایەوە بۆ ئەو هەوڵە سیاسی ئابووریانەی کە وڵاتی ئەڵمانیا لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە بەمەبەستی نزیکبوونەوەی لەو دوو وڵاتە گرتبوویە بەر، بۆ ئەوەی سەرنجی کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە بەلای خۆیان ڕابکێشن و وانیشانی ئەوانی بدەن کە ئەوان دۆستیانن و داگیرکەرنین و مەبەست لەبایەخدان بە مێژوو و داب

و نەریتی ئەوان بۆ خستنەڕووی شارستانییەتی دەوڵەمەندی ڕۆژهەڵاتە، کە هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی لەوکاتدا سەرکردایەتیان دەکرد .

(16) شۆڕشی مەشروتە (1905 – 1909): مەشروتە بەمانای حکومەتی مەرجدار دێت، کە شۆڕشێکی بەرفراوانی جەماوەری بوو لەساڵی 1905 لەپێناوی هێنانە کایەی ژیانێکی دەستووری و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادی سیاسی و ئایینی لەدژی بنەماڵەی قاجارەکان (1794 – 1925) کە فەرمانڕەوایی وڵاتی ئێرانیان دەکرد سەریهەڵدا، لەدیارترین ئەنجامەکانی ئەو شۆڕشەش دامەزراندنی پەرلەمان (مەجلیسی شورای میللی) بوو، بەڵام بەهۆی ململانێیەکانی نێوان ئازادیخوازەکان و دەسەڵاتدارانی ئێرانی خولی یەکەمی پەرلەمان بەزەبری هێزی چەکداری لە ساڵی 1907 دادەخرێت، بۆیە جارێکی دیکە ڕاپەڕینی جەماوەری سەرهەڵدەداتەوەو دەتوانن ژیانی دەستووری بگەڕێننەوە بۆ وڵات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (صادق، 2016، 20 – 23، 58 – 75).

(17) میرزا جەوادی قازی (1881 – 1958):- ناسراو بە دکتۆر جەوادی قازی کوڕی شێخ جەلال، لەبنەماڵەی قازییەکانی شاری مەهاباد بوو، لەگوندی (سریلاوا)ی سەر بەشاری بەمەهاباد لەدایک بووە، خوێندی ئایینی لەشاری مەهاباد خوێندبوو، دوای ئاشنابوونی بە ئۆسکار مان، لەگەڵی دەچێتە وڵاتی ئەڵمانیا و لەوێ بڕوانامەی دکتۆرا لە (ماف) وەردرگرێت، ناوبراو ڕۆلی گرنگی بینیبوو لەکۆکردنەوە دەیان چیرۆک و ئەفسانەی نەنووسراوی کوردی بەشێوە زاراوەی ناوچەی موکریان و هاوکاریکردنی ئۆسکار مان لەتۆمارکردنیان و بڵاوکردنەوەیان، دووجار ژیانی هاوسەرگیری پێکهێنابوو، بەڵام هیچ منداڵێکی نەبوو، لەساڵی 1928 دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی ئێران و دەکرێتە ڕاوێژکاری پلە بەرزی دیوانی [شاهانە] و شارەزایی لەحەوت زمان هەبوو، سەرەنجام لەساڵی 1958 کۆچی دوایی دەکات و هەر لەوێ دەنێژرێت (فەتاحی قازی، 2009، 231 – 232).

(18) سەبارەت بەو دوو کەسایەتییە لە سەرچاوەکان زانیاری پێویست لەبەردەستدا نییە، بەڵام وەک ئەوەی (محەمەد قازی) باسی کردوون، ڕەحمان بەکر تەمەنی لەسەرووی (70) ساڵیدابوو، لەهۆزی مەنگوڕ بوو، هەروەها میرزا ئەسکەندەر باسی لەوە نەکردووە تەمەنی چەند ساڵ بووە، بەڵام ئاماژەی بەوەداوە لە ڕەحمانی بەکر بچووکتر بووە، لە هۆزی (دێبوکری) بوو، ئەو دوو کەسە دوو دەنگبێژی دیاری ناوچەی موکریان بوونە، ئۆسکار مان توانیویەتی لەرێگەی ئەو دووانەوە زۆر داستان و ئەفسانەی کوردی نەنووسراوی کۆکردۆتەوەو لای خۆی تۆماریکردوون. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (قاضی، 2021، 15 – 16).

(19) ڕۆژنامەی کاوە:- ئەو ڕۆژنامەیە کە لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا دەردەچوو بەناوی (کاوەی ئاسنگەر) کرابوو، ڕۆژنامەیەکی سیاسی و زانستی و ئەدەبی بوو، ئەو ڕۆژنامەیە لە ساڵی 1916 لەلایەن چەند سیاسەتمەدارێکی ئێرانی نیشتەجێی شاری بەرلین بە سەرنووسەری کەسێک بەناوی (سەید حەسەن تەقیزادە) دەردەچوو، ڕۆژنامەکە بە دوو قۆناغی جیاواز تێپەڕی ماوەی ساڵانی (1916 – 1919) زیاتر سیاسی بوو، کە هەر دوو هەفتە جارێک ژمارەیەکی لێدەردەچوو، لەو قۆناغەدا (35) ژمارەی لێدەرچوو، کە تیایدا پشتیوانی وڵاتی ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانی لەجەگی یەکەمی جیهانی دەکردو هێرشی دەکرد سەر ڕوسیاو بەریتانیا و فەرەنسا، قۆناغی دووەمیش (1920 – 1922)بوو، لەو ماوەیەدا تەنیا (24) ژمارەی لێدەرچوو بەشێوەی مانگانە، کە زیاتر تیشکی خستبووە سەر لایەنی زانستی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و مێژووی ئێران و بڵاوکردنەوەی ئەفسانەی ئێرانی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (کاوە، 1384ش، سە – هشت).

(20) دەکرێ مەبەستی ئۆسکار مان لە هۆزی (هەرکی) کە زێدی نیشتەجێبوونیان شاری شنۆ و ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و تورکیایە، لەگەڵ هۆزی (شکاک) بووبێت، چونکە ئەوان نیشتەجێی ناوچەکانی باکوور و باکووری ڕۆژئاوای شاری ئورومیە و ڕەزائیە (نەغەدە)و ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و تورکیای ئێستایە، چونکە ئەو دوو هۆزە بە شێوەزاری (کرمانجی ژووروو) ئاخاوتن دەکەن. لەم بارەیەوە بڕوانە: (میرنیا، 1368، 123، 127؛ شهریار افشار، 1345ش، 38).

(21) لەم بارەیەوە نووسەری (تاریخ مهاباد/ مێژووی مەهاباد) ڕایەکی جیاوازی هەیە و پێی وایە کە میر سەیفەددینی

دامەزرێنەری میرنشینی موکریان، لە (هۆزی بابان) بوو، ئەو لەناوچەی شارەزوور توانی ئازایەتی بنوێنی و هۆز و عەشیرەتە کوردییەکانی ناوچەی موکریان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و تورکەکان لەناوچەکە دەربکات، ئەو ناوچەیەش لەدوای ئەو بەناوی (موکریان) ناسرا، کە لە وشەی (مەکر – فێڵ) هاتووە، کەپێی وایە میر سەیفەددین کەسێکی فێڵباز [بەتوانا بووە لە هونەری سەبازی و شەڕدا لەکاتی لەبەرەنگاربوونەوەی نەیارەکانیدا] (صمدی، 1374ش، 130).

(22) شیاوی باسە جگە لەو خێل و هۆزانەی ئۆسکار مان ناوی بردوون لەکتێبەکەیەدا، هاوکات ژمارەیەک هۆزو خێلی دیکەش لەشاری مەهاباد و دوروبەری نیشتەجێ بوون و دانیشتوانی ڕەسەنی شارەکە بوون، کە ئەوانیش هۆزەکانی (گەورک، پیران، حەسەن خاڵی، شێخ شەرەفی، وەرمزیار، ئۆمەربل، مەرزینگ، بارک، ئەسیسلەکەو مەزنەکە)ن. (جەوادی قازی، 2009، 64 – 69).

(23) هۆزی دێبوکری:- یەکێکە لەهۆزە دیارەکانی نوچەی موکریان، شوێنی نیشتەجێبوونیان دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای شاری مەهاباد، دامەزرێنەری ئەو هۆزە ئاشەوانێکی خەڵکی ناوچەی گەرمیان بووە، چووتە ناوچەی مەهاباد و مێژووی چوونی دیار نییە، بەڵام دوای ئەوەی بارودۆخ و گوزەرانیان باشبووە دەتیانکردووە بەکڕنی گوندەکانی دەورووبەری خۆیان و بەمەبەش بە (دێ بوو کڕی) ناسراون. لەم بارەیەوە بڕوانە: (جەوادی قازی، 2009، 65 – 66).

(24) هۆزی ڕەوەندی:- مەبەست هێزە ڕەوەندە کۆچەرەکانی وەک (هەرکی و سورچی)یە، لەم بارەیەوە بڕوانە: (توحفەی موزەفەرییە، 2011، 104).

(25) لەبارەی ناوەڕۆکی ئەو داستانە کوردییانە بڕوانە: (Mann, 1906, 1 - 302).

### 9. سەرچاوەکان:-


#### 9. 1. بەزمانی کوردی:-

- بەدلیسی، میر شەرەفخان (2006)، شەرەفنامە (مێژووی ماڵە میرانی کوردستان)، و: مامۆستا هەژار، چ3، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
- توحفەی موزەفەرییە بەزمانی کوردی موکری (2011)، گرداری: ئۆسکار مان، پێشەکی و ساغکردنەوەو هێنانە سە ڕێنووسی کوردی: هێمن موکریانی، چ3، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- خەزنەدار، دکتۆر مارف (2001)، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب1، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- فەتاحی قازی، خەلیلی (2009)، کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لەویلایەتی موکردی، و: حەسەنی قازی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- نەبەز، جەمال (1974)، پەرتوکێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
- هەژار (1369ش)، هەنبانە بۆرینە (فرهنگ کردی – فارسی)، انتشارات سروش، تهران.

#### 9. 2. بەزمانی عەرەبی:-

- بحري، دكتور لؤى (1967)، سكة حديد بغداد ((دراسة في تطور ودبلوماسية قضية سكة حديد برلين – بغداد حتى عام 1914))، شركة الطبع والنشر الاهلية، بغداد.
- زكي بک، محمدامين (2005)، خلاصة تاريخ الكرد و كردستان، ت: محمد علي عوني، ج1، ط2، دار الكتب والوثائق، بغداد.

#### 9. 3. بەزمانی فارسی:-

##### 1. بیرەوەری:-

- قاضی، محمد (1371ش)، خاطرات یک مترجم، انتشارات چشم و چراغ، تهران.
- ------------- (2021)، گنجینە گرانبهای ادبیات کرد، گردآوری: فاروق فرهاد، سوید.

##### 2. پەرتوک:-

- افشار سیستانی، ایرج (1366ش)، مقدمە بر شناخت ایلها چادرنشینان وطوایف عشایری ایران، ج1، چاپ هما، تهران.
- اوژن بختیاری، سرهنگ ابوالفتح (1345ش)، تاریخ بختیاری، ج1، انتشارات مجلە وحید، تهران.
- جلالی نائینی، دکتر سید محمدرضا (1375ش)، فرهنگ سنسکریت – فارسی، ج1، انتشارات پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران.
- حکیم زادە، فریدون (1389ش)، ساوجبلاغ مکری (مهاباد) تاریخ تحولات اجتماعی، سیاسی، فرهنگی، اقتصادی مهاباد بە روایت اسناد، انتشارات رهرو، مهاباد.
- صمدی، سیدمحمد (1373ش)، تاریخ مهاباد، انتشارات رهرو، مهاباد.
- علی بابائی، غلامرضا (1375هـش)، تاریخ سیاست خارجی ایران از شاهنشاهی هخامنشی تا بە امروز، انتشارات درسا، تهران.

– مارتن، براد فورد. جي. (1368هـش)، تاريخ روابط ايران و المانيا، ت: پيمان آزاد و علي اميد، نشر پيک، تهران.
– ميرنيا، سيدعلى (1368ش)، ايلها وطايفه‌هاى عشايرى كرد ايران، چ2، مؤسسه آموزشى و انتشارات نسل دانش، تهران.
– هوشنگ مهدوى، غلامرضا (2535)، تاريخ روابط خارجى ايران، چ2، انتشارات امير كبير، تهران.

**9. 4. بەزمانی ئینگلیزی**

- Chyet, Michael Lewisohn (1991), And a thornbush sprang up between them": Studies on "Mem û Zin", a Kurdish romance, University of California, Berkeley.
- Strauli, Barbara (2021), Our Steppe is Vast Kurdish epics and tribal stories from Urfa, 1906 Collected by Oskar Mann, Harrassowitz Verlag · Wiesbaden.
- Theilhaber, Amir (2020), Friedrich Rosen Orientalist Scholarship and International Politics, Walter de Gruyter GmbH, Berlin/Boston.

**9. 5. بەزمانی ئەڵمانی**

- Kolivand, Mojtaba (2014), Persische und kurdische Reiseberichte Die Briefe des Berliner Orientalisten Oskar Mann während seiner beiden Expeditionen in den Vorderen Orient 1901–1907, Otto Harrassowitz GmbH & Co. KG, Wiesbaden.
- Mann, Oscar (1873), Quid Censuerit Socrates de Amicitia, Crostochii, Boston.
- --------------- (1906), Kurdisch - Persische forschungen, Druk Unid Verlag von Georg Reimer, Berlin.

**9. 6. گەشتنامە بە زمانی ئینگلیزی:-**

- Schiltberge, Johann (1859), The Bondage and Travels, Johann Schiltberge, A Native of Bavaria, In Europe, Asia, And Africa. 1396-1427, Translated by Proffesor Karl Friedrich Neumann, Printed for the Hakluyt Society, London.

**9. 7. گۆڤار و ڕۆژنامەکان:-**

**1. گۆڤار بەزمانی کوردی:-**

– جەوادی قازی، محەمەد سابڵاغی (2009)، نامیلکەی دەسنیشانکردنی خێڵاتی دانیشتووی دەوروبەری سابڵاغی موکری، و: حەسەن عەبدولکەریم، گۆڤاری ژین، ژ1، س1.
– مان، ئۆسکار (2014)، نامەکانی ئۆسکار مان، و: جەعفەر حوسێنپور (هێدی)، گۆڤاری ژین، ژ6، س6.
– هێدی، جەعفەر حوسێنپور (2011)، کورتەی ڕێزمانی زاراوەی موکری (نوسینی ئۆسکار مان)، و: جەعفەر حوسێنپور (هێدی)، گۆڤاری ژین، ژ3، س3.

**2. ڕۆژنامەکان بەزمانی فارسی:-**

– كاوه (1384ش)، بەاهتمام: عبدالكريم جربزاده، انتشارات اساطير، تهران.
– كاوه (18/ 1/ 1918)، س2، ش24.

**9. 8. توێژینەوەکان:-**

**1. نامەی ماستەری بڵاو نەکراوە بەزمانی کوردی:-**

– صادق، دلزار صالح (2016)، ژیانی پەرلەمانی لەئێران لەنێوان ساڵانی (1906 – 1925)، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.

**2. بەزاراوەی کوردی لاتینی:-**

- Beltekin, Nurettin (2023), Çimeyanê Almankî De Kurdê Zaza, International Journal of Kurdiname, Issue: 9.

**3. بەزمانی فارسی:-**

– شهريار افشار، بيژن (1345ش)، هنر و مردم (مجله)، انتشارات اداره فرهنگ عامه، ش44.

**4. بەزمانی تورکی:-**

- Avci, Remzi, Oryantalist Oskar Mann'in (1867–1917) Osmanli Seyahati Mektuplarinda Zazacanin Tasnifi, Nüsha, 21(52).

**5. بەزمانی ئینگلیزی:-**

- Mann, Oscar (Nov 1900), Mohammedanism in the Nineteenth Century, The North American Review, Vol. 171, No. 528.

**6. بەزمانی ئەڵمانی:-**

- Avci, Remzi, Mit der Peitsche in den dreckigen Orient: Die Darstellung des Orients in Oskar Manns Reisebriefen, Istanbul University Press, Issue 46.

**9. 9. پێگەی ئەلیکترۆنی:–**

- بڕوانە بنەماڵەی (مان/ Mann): https://ahnengeschichte.de/familienlinie-mann
- مصطلحات-طبية/الامراض-المعدية/ التيفوس/ https://altibbi.com

**أوسكار مان الكوردولوجي الألماني، دراسة تاريخية عن جهودها العلمية حول الكورد في شرق كوردستان (1901 – 1903، 1907)**

**دلزار صالح صادق**
قسم التاريخ، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين – أربيل، اقليم كوردستان، العراق
Dlzar.sadiq@su.edu.krd

**الملخص**
كان أوسكار مان (1868–1936) مستشرقًا ولغويًا ألمانيًا كرس جزءًا كبيرًا من حياته المهنية لدراسة اللغة الكردية. ركز بحثه في المقام الأول على اللهجة الكردية الموكري، التي يتحدث بها سكان منطقة الموكري في إيران.
تتعدد مساهمات مان في الدراسات الكردية: التحليل اللغوي: أجرى بحثًا متعمقًا حول قواعد وصوتيات اللهجة الموكري، ووثق بدقة ميزاتها الفريدة وتنوعاتها. المعاجم: كان تجميع قاموس شامل للهجة الموكري حجر الزاوية في عمله، وهو مورد قيم للغويين والعلماء المهتمين بالمفردات والأصول الكردية. الملاحظات الإثنوغرافية: امتد بحث مان إلى ما هو أبعد من اللغويات، ليشمل جمع وتحليل الفولكلور الكردي، بما في ذلك الأمثال والألغاز والحكايات الشعبية. وقد قدم هذا رؤى قيمة في السياق الثقافي والاجتماعي للأكراد الموكري. يعتبر عمل مان مساهمة أساسية في الدراسات الكردية، حيث يقدم فهمًا تفصيليًا ودقيقًا للهجة كردية محددة. ولا يزال بحثه يشكل موردًا مهمًا للباحثين الذين يسعون إلى فهم التنوع اللغوي والثراء الثقافي للشعب الكردي.
**الكلمات المفتاحيية:** اوسكار مان، الكوردولوجيا، تاريخ الشفاهي، الكورد، الكوردستان.

**Oscar Mann Germany Kurdologist, a Study of his Academic Activities in the East of Kurdistan (1901 – 1903, 1907)**

**Delzar Salih Sadiq**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Dlzar.sadiq@su.edu.krd

**Abstract**
Oscar Mann (1868-1936) was a German orientalist and linguist who dedicated a significant portion of his career to the study of the Kurdish language. His research primarily focused on the Mukri Kurdish dialect, spoken in the Mukriye region of Iran. Mann's contributions to Kurdish studies are multifaceted, Linguistic Analysis: He conducted in-depth research on the grammar and phonetics of the Mukri dialect, meticulously documenting its unique features and variations. Lexicography: A cornerstone of his work was the compilation of a comprehensive dictionary of the Mukri dialect, a valuable resource for linguists and scholars interested in Kurdish vocabulary and etymology. Ethnographic Observations: Mann's research extended beyond linguistics, encompassing the collection and analysis of Kurdish folklore, including proverbs, riddles, and folktales. This provided valuable insights into the cultural and social context of the Mukri Kurds. Mann's work is considered a foundational contribution to Kurdish studies, offering a detailed and nuanced understanding of a specific Kurdish dialect. His research continues to be an important resource for scholars seeking to understand the linguistic diversity and cultural richness of the Kurdish people.
**Keywords:** Oscar Mann, Kurdology, Oral History, Kurds, Kurdistan